دێموكراسی بۆ ئێـــران    خودموختاری بۆ كوردستـــان

# كوردستـــان

ئۆرگانی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران
١٥ی بانەمەری ١٣٨٣    ٤ی مای ٢٠٠٤    ژمارە ٣٨٨    ١٥٠ تمەن

## پەیامی پیرۆزبایی سكرتێری گشتیی حیزب بۆ سەرۆك كۆماری تازە هەڵبژێردراوی ئۆتریش

زۆر بەڕێز دوكتور  هاینس فیشێر سەركۆماری هەڵبژێراوی ئوتریش!

سەركەوتنی بەڕێزتان لە هەڵبژاردنی سەركۆماری لە وڵاتی ئوتریش‌دا بوو بە مایەی خۆشحاڵیی دۆستە كوردەكانتـان لـە نێـو حیزبـی دێمـۆكراتی كوردستانی ئێران‌و ڕێكخراوە كوردستانی‌یەكانی دیكەدا.

لە كاتێكدا بە ناوی خۆم‌و هاوڕێیانم لە دەفتەری سیاسی‌و كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمـۆكراتی كوردسـتانی ئێـراندا پـڕ بـە دڵ پیرۆزبـایی ئـەو سەركەوتنەتان لێ دەكەم، ئاواتەخوازم ئوتریش لە ژێر ڕێبەرایەتیی ئێوەدا هەنگاوی بەنرخ لە ڕێگای پێشكەوتن‌و پەرەئەستاندندا بەرەوپێش بنـێ‌و لـە بواری دیفاع لە دێمۆكراسی‌و ئازادی‌و جێگیر بوونی ئاشتیی نێونەتەوەیی‌دا جێگای شیاو بۆ خۆی لە كۆمەڵگای جیهانی‌دا بە دەست بێنێ.

**عەبدوڵلا حەسەن زادە    سكرتێری گشتیی حیزبی دێمۆكراتی كوردستانی ئێران    ٢٠٠٤/٤/٢٦**

**دەقی وەڵامەكەی سەركۆماری ئۆتریش بەم پەیامە هەر لەم لاپەڕەیەدا بخوێننەوە.**

### تابلۆی بیرەوەریی قوربانی‌یەكانی تیرۆری میكۆنووس

# ڕێزنانێكی دیكە لە خەبات‌و ئامانجەكانی حیزبی دێمۆكرات‌و شەهیدەكانی




دوانیـــوەڕۆی ڕۆژی سێ‌شـــەممۆ ٢٠ی ئاوریـــل، لـــە گـــەڕەكی شارلۆتنبێرگی بێرلین، بە بەشداریی نزیكەی هەزار كـەس لـە كـوردو ئێرانی‌یەكان‌و ژمارەیەكی زۆر لـە بەرپرسە ناوچـەیی‌یەكانی بێـرلین‌و كەســایەتی‌یە ئاڵمانی‌یــەكان، پــەردە لەســەر هێمــای بیرەوەریــی شەهیدانی تـیرۆری میكونـووس لادرا. ئـەم هێمـای بیرەوەری‌یـە لـە بەرامبەر ڕێستوورانێك دانراوە كە پێشتر میكونووسـی نـاوبوو و لـە سـێپتامبری ساڵـــی ١٩٩٢دا بـەكرێگیراوانی دەزگـای پاراسـتنی كۆماری ئیسلامی لە هێرشێكی لەناكاودا بۆ سەر ئـەم ڕێسـتوورانە، دوكتـور سـادق شـەرەفكەندی، هومـایون ئـەردەڵان‌و نـووری دێهكوردی‌یان دایە بەر دەسرێژو شەهیدیان كردن.

لە ڕێورەسمی پەردەلادان لەسەر هێمای بیرەوەری‌یە كـە نزیكەی هەزار كـەس لـە تێكۆشـەرانی سیاسـی‌و كـوردو ئێرانی‌یـــەكانی دانیشـــتووی بێـــرلین‌و ژمارەیـــەك لـــە ئاڵمانی‌یـەكان‌و بەرپرسـە ناوچـەیی‌یەكانی بێـرلین لەوانـە، خاتوو "تیمـەن" شـارەوانیی گـەڕەك‌و، وەزیـری نێوخـۆی ناوچەی بێرلین بەشداری كردبوون.

خاتوو "مونیكـا تیمـەن"، شـارەوانی گـەڕەكی شـارلۆوتن بێرگ ـ ویلمێرس دۆرف لە قسەكانی‌دا وێڕای سوپاس كردن لـە بەشداریی بەربڵاوی كوردو ئێرانی‌یەكان لـەم ڕێورەسـمەدا، وتـی كە لەو گەڕەكە ٣٠٠ هێمـای بـیرەوەری هـەن، بـەڵام ئەمـەیان زۆر هەڵلای لەسەرە. ئەو، هۆیەكەی گەڕانـدەوە بـۆ كارەسـاتی میكونووس‌و تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران كە لـە پشـت تـیرۆری میكونووسەوە بووە. خاتوو تیمەن هەروەها گوتی كە دەوڵـەتی ئێران زۆری هەوڵ دا تا پێش بە دانانی ئـەم هێمـای بیرەوەی‌یـە بگرێ، بەڵام هەم بەرپرسانی گەڕەك‌و هەم شـارەوانی بێـرلین لـە بەرانبـەر دەسـتێوەردانەكانی‌دا ڕاوەسـتاون. نـاوبراو وتـی كـە بـالۆیزی ئێـران لـە چـاوپێكەوتنێكدا لـەوی ویسـتوە كـە بـۆ بـەرگرتن لـە ئـاڵۆزبوونی پێوەندی‌یـەكانی ئێـران‌و ئاڵمـان لـە دانانی هێمای بیرەوەری‌یەكە خۆ بپارێزێ. خـاتوو تیمـەن لـە درێـژەی قسەكانی‌دا گوتی: ئەم هێمای بیرەوەری‌یـە بۆیـە لێـرەدا دادەنـرێ بـۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لە مێژووی بێرلین‌دا بمێنێتەوە.

دوای خاتوو تیمەن، ئاغای "ئێـریگ" پـارێزەری بنەماڵـەی یـەكێك لـە قوربانی‌یـەكان قسـەی كـرد. ئـەو وتـی ئـەو بەرپرسـانەی ئـەوكات فەرمانی كوشتاری میكونووسیان دا، ئێستاش لـە ئێـران لـە دەسـەڵات دان. ئـەو بـە ئامـاژەكردن بـە ئەگـەری گۆڕینـەوەی كـازم دارابـی لـە چوارچـێوەی گۆڕینـەوەی دیـل‌و بەندی‌یـەكان لـە نێـوان حیزبـوڵلا‌و ئیسرائیل‌دا، وریایی دا كە نابێ ئـەم سازانە دارابی بگرێتـەوە‌و ئـازاد بێ. خاتوو "كلۆدیا ڕۆت" بەرپرسی كاروبـاری مـافی مرۆڤـی دەوڵـەتی ئاڵمـان، لـە پەیامەكـەی‌دا بـۆ ڕێورەسمەكـە، وەك خـەباتكارانی ڕێگـای ئازادی ڕێـزی لـە قوربانی‌یـەكانی میكونـووس گـرت. لـەم ڕێورەسـمەدا هەروەها دوكتور میرۆ عەلیار، نوێنەری حیزبـی دێمـوكراتی كوردسـتانی ئێران لە ئاڵمان‌و ئوتریش پەیامی سكرتێری گشـتیی حیزبـی خوێنـدەوە. هاوسەری فەتاح عەبدولی دەقێكی بە كـوردی خوێنـدەوە‌و لـە كۆتـایی‌دا سارا دێهكوردی، كچی نووری دێهكـوردی بـە زمـانی ئاڵمـانی‌ن وێـڕای یادكردنـەوە لـە بـاوكی، سوپاسـی بەرپرسـانی ناوچـەیی بێـرلین‌و ئـەو كەسانەی كردەوە كە لە ئامادەو دابین كردنـی ئـەو هێمایـەدا زەحمـەتیان كێشاوە، هەروەها سوپاسـی ئێرانی‌یـەكان‌و كەسـایەتی‌یە ئاڵمانی‌یـەكانی كرد سەبارەت بە بەشدارییان لەم ڕێورەسمەدا.




## نامەی دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ پۆل بریمەر، بەرپرسی كاتیی عێراق



**بەڕێز ئاغای پۆل بریمەر، سەرۆكی دەسەڵاتی كاتیی هاوپەیمانان لە عێراق!**

ئاگادارتـان دەكـەین كـە لـە ئۆكتـۆبری ساڵـــی ١٩٩٦دا، ٧ تێكۆشـــەری حیزبـــی دێموكراتی كوردستانی ئێران لە نزیك شـاری هەڵەبجـەی كوردسـتانی عێـراق لەلایـەن چـــەكدارەكانی بزووتنـــەوەی ئیســـلامیی كوردســـتانی عێراقـــەوە گـــیران‌و تـــەحویلی كۆماری ئیسلامیی ئێران درانـەوە. یـەكێك لـــەو تێكۆشـــەرانە بـــە نـــاوی داریـــووش ئیسلامدووست چەند مانگ دواتر لـە كـاتی پووچەڵكرانەوەی پیلانێكی تیرۆریستیی كۆماری ئیسلامی لـە دژی حیزبی دێموكرات‌دا توانی خۆی ڕزگار بكاو ئێستا وەك پەنابەر لـە وڵاتی سوئێد دەژی. ٦ تێكۆشەرەكەی دیكە هـەروا بێ‌سەروشـوێن چـوون. حیزبـی دێمـوكراتی كوردسـتانی ئێـران لـە ڕێگـای زۆر كەسایەتیی نێونەتەوەیی‌یەوە هەوڵـی ڕوونبوونەوەی چارەنووسی ئەو ٦ تێكۆشەرەی دا، تا لەم دواییانەدا سەفیری كۆماری ئیسلامی لە بریتانیا لە وەڵامی داوای ئاغای جیرمی كوربین، جێگری سـەرۆكی گرووپـی مـافی مـرۆڤ لـە پارلـمـانی بریتانیـادا گۆشـەیەكی لـە چارەنووسی ئەو تێكۆشەرانە ئاشكرا كـردو ڕایگەیانـد كـە ئـەو ٦ كەسە لە نزیك شـاری هەڵەبجـە لەگـەڵ چـەكدارەكانی بزووتنـەوەی ئیسلامی تووشی شەڕ بوون‌و كوژراون.

داوا لە بەڕێزتان وەك بەرپرسی ئیدارەی كاتیی عێـراق دەكـەین كـە بزووتنـــەوەی ئیســـلامی بـــە مەبەســـتی ڕوون كردنـــەوەی ڕاستی‌یەكانی پێوەندیدار بەو پیلانە هاوبەشەی بزووتنەوەو كۆماری ئیسلامیی ئێران بخەنە ژێر فشار. بەتایبەت كە كۆماری ئیسلامیی ئێـران كـوژرانی ئـەو ٦ تێكۆشـەرەی حیزبـی ئێمـەی وەپـاڵ ئـەو بزووتنەوەیە داوە.

ڕوون بوونەوەی ئەو ڕاستییانە، یارمـەتی بـە ناسـینی زیـاتری تیرۆریستان‌و ئینسانفرۆشان دەدا.

**لەگەڵ ڕێزی تایبەتیمان**
**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**
**٢٠٠٤/٤/٢٤**

## وەڵامی دوكتور هاینس فیشێر، سەرۆك كۆماری تازەی ئوتریش بە پەیامی پیرۆزبایی سكرتێری گشتیی حیزب

بۆ بەڕێز عەبدوڵلا حەسەن‌زادە سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران!

پیرۆزبایی دۆستانەی ئێوەم بەبۆنەی هەڵبـژێرانم بـە سـەرۆك كۆمـار پێ‌گەیشـت‌و زۆر خوشحاڵی كردم. من خۆشحاڵ دەبم كە بتوانین بە یارمەتیی ئێـوەو هـەوڵی هاوبـەش بـە ئامانجەكانمان بگەین.

دیسان بۆ پشتگیری‌و پیرۆزبایی‌یە گەرمەكەتان سوپاستان دەكەم.

**لەگەڵ سڵاوی تایبەتیم**
**هاینس فیشێر، ڤییەن، ٢٠ ئاوریلی ٢٠٠٤**

## سەدی ٤٦ی كریكارانی ئێران لە هەژاریی تەواودا دەژین

حەسـەن سـادقی سـەرۆكی كـانوونی بـەرزی شـوورای ئیسـلامی‌یەكانی كـاری سەرانسـەری، لـە وتووێـژ لەگـەڵ هەواڵنێری سرویسـی كرێكـاریی "ایلنـا"دا گـوتی: سـەدی ٤٦ی كرێكارانی ئێران لە هەژاریی تەواو دا دەژیـن‌و سـەدی ٣٥ی ئەوانیش لە هەژاری نیسبی‌دا ژیـان بـە سـەر دەبـەن. ئەوەش لە حالێك دایە كە خەریكن چەترەكانی پشتیوانی لـە كرێكاران، لادەبەن.

## داوایەك لە حكوومەتی هەرێم‌و هێزە كوردستانی‌یەكان

**بەدوای داننانی سەفیری كۆمـاری ئیسلامی لە لەندەن بـە كـوژرانی ٦ تێكۆشـەری حیزبـی دێمـۆكرات‌و هاودەسـتیی تـاقمی "بزووتنـەوەی ئیسـلامیی كوردسـتان" لـەو پێوەندی‌یـەدا، دەفتـەری سیاسـیی حیـزب لـە نامـەی تایبـەتی‌دا بـۆ حكوومـەتی هـەرێمی كوردسـتان، ئیـدارەكانی هـەولێرو سـلێمانی، یەكیـەتیی نیشـتمانیی كوردسـتان، پارتی دێمۆكراتی كورستان، حیزبـی شـیوعیی كوردسـتان، حیزبـی زەحمەتكێشـانی كوردسـتان‌و یەكگرتووی ئیسـلامیی كوردسـتان، داوای لێ‌كردن فشار بـۆ ئـەو تاقمـە بێنن تاڕاستی‌یەكانی پێوەندیدار بەو پیلانە هاوبەشە ئاشكرا بكا. دەقـی ئـەو نامەیـە كـە بـۆ ئـەو بەڕێزانـە ناردراوە بەم جۆرەیە:**

**سڵاوێكی گەرم**

وەبیرتـان دێنینـەوە كـە لـە ئۆكتـۆبری ١٩٩٦ی زایینـی‌دا حـەوت تێكۆشـەری حیزبی دێمـوكراتی كوردسـتانی ئێـران لـە نزیـك شـاری هەڵەبجـەی كوردسـتانی عێـراق لەلایـەن چەكدارەكانی بزووتنەوەی ئیسلامیی كوردسـتانی عێراقـەوە بـەدیل گـیران‌و تـەحویلی كۆمـاری ئیسلامیی ئێران درانەوە. بەهاری ١٩٩٧ یـەكێك لـەو بـەدیل گیراوانـە بـە نـاوی داریـووش ئیسلامدوسـت بـە پووچـەڵكرانەوەی پیلانێكـی كۆماری ئیسـلامی لـە دژی حیزبـی دێمـوكرات، توانی خۆی ڕزگار بكاو ٦ تێكۆشـەرەكەی دیكـە بێ‌سەروشوێن چوون. لەو كاتەوە هەوڵـی حیزبـی دێموكراتی كوردسـتانی ئێـران بـۆ ڕوونبوونـەوەی چارەنووسی ئەو تێكۆشەرانە هەر بەردەوام بـووەو لەم پێوەندی‌یەدا سكرتێری گشتیی حیـزب، داوای لـــە ســـكرتێری گشـــتیی ڕێكخـــراوی نەتەوەیـــەكگرتووەكان‌و ســـەدان كەســـایەتیی نێونەتەوەیی كرد تا ڕێـژیمی كۆمـاری ئیسـلامیی ئێران بخەنە ژێر فشار بۆ ئەوەی چارەنووسی ئەو ٦ تێكۆشەرە ئاشكرا بكا. بـە دوای ئـەو هەوڵانـەدا سەرئەنجام ڕێژیمی كۆماری ئیسـلامی لـە ڕێگـای سەفیری خۆی لە بریتانیاوە لە وەڵامی داوای بەڕێز "جێرمی كوربین" جێگری سەرۆكی گرووپی مافی مـرۆڤ لـە پارلـمـانی بریتانیـادا پـەردەی لەسـەر گۆشەیەكی ئەو پیلانە هەڵدایەوەو ڕایگەیاند كـە ئـەو ٦ كەسە دوای گەڕانەوەیان بۆ بنكەكانیان لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامیی كوردستانی عێراق تووشی شەڕ هاتوون‌و هـەر شەش كەسیان كوژراون.

داوامان لە بەڕێزتان ئەوەیە كە بزووتنەوەی ئیسـلامیی كوردستان بخەنە ژێر فشار بـۆ ئـەوەی كـە ڕاسـتی‌یەكانی پێوەندیـدار بـەو پیلانـە هاوبەشـەوە ئاشـكرا بكـاو تاوانبارەكان بداتە دەستی عەداڵەت. هەرچەند بزووتنەوەی ئیسلامی كە تا ئێستا حاشای لە هەر جۆرە دەخاڵەتێكی خۆی لەو پیلانەدا كردوە، بەڵام ئێستا كۆماری ئیسلامیی ئێـران نـەك دەسـتگیركران‌و تەحویلدرانـەوەیان، بـەڵكوو بەرپرسایەتیی كوژرانی ئەو ٦ تێكۆشەرەشـی بـەرەوڕووی بزووتنـەوەی ئیسـلامی كردۆتـەوە. هیـوادارین لـەو پێوەندی‌یـەدا هـەنگاوی پێویسـت بنێن‌و یارمـەتی بـە ئاشكرابوونی چەندو چۆنیی ئەو پیلانە بدەن كـە لەلایـەن بزووتنەوەی ئیسلامیی كوردستانی عێراقەوە ئەنجام دراوە. بێ‌گومان ئەوە خزمەتێك دەبـێ بـە بزووتنـەوەی كـوردو لەقاودانی ئەوانەی خیانەت بە كوردو ڕۆڵە خەباتگێڕەكانی دەكەن.

**لەگەڵ ڕێزی دووبارەمان**
**دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران**
**٢٠٠٤/٤/٢٤**

## مەحكووم كردنی كردەوەی ئینسانفرۆشانەی تاقمی بزوتنەوەی ئیسلامی‌و فشار هێنان بۆ سەرئەو تاقمە بەردەوامە

لەگەڵ بڵاوبۆنەوەی بەیاننامەی دەفتەری سیاسیی حیزب لە بارەی ئاشكرا بـوونی چارەنووسـی ٦تێكۆشـەری حیزبـی دێموكرات، حیزب‌و ڕێكخراوە سیاسی‌یەكان وكەسایەتی‌وكۆڕوكۆمەڵە مرۆڤدوست‌و دێموكراتـەكان، هـاودەردیی خۆیـان لەگـەڵ حیزبـی دێمـوكرات بـە بۆنـەی ئیعـدامی ئـەو ٦ تێكۆشـەرەوەڕاگەیاند. حیزب‌وڕێكخراووكۆمەڵ‌وكەسایەتی‌یە كوردستانی‌و ئێرانی‌یەكان وێڕای مەحكووم كردنی ئەو جینایەتـە وتـاوانی ئینسانفرۆشـانەی "بزووتنـەوەی ئیسـلامی" لە بەیاننامەو ڕاگەیەندراوی هاوبەش‌و بە جیادا داوایان لەو تاقمە كردوە هەموو ڕاستی‌یەكانی پێوەندیـدار بـەو كـردەوە شەرماوی‌یە ئاشكرا بكا. لەم ژمارەیەی "كوردستان" دا بەشێك لـەو بەیاننامـەو ڕاگەیەندراوانـە سـەرنجی خوێنـەران ڕادەكێشن. مەحكووم كردنی ئەو جینایەتە و فشار بۆ سەر تاقمی بزووتنەوەی ئیسلامی بەردەوامە.

٢ پەیامی سكرتێری گشتیی حیزب بۆ ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی بێرلین
٢ قسەكانی دوكتور میرۆ عەلیار لە ڕێورەسمی پەردە لادان لەسەر تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی بێرلین‌دا
٣ قسەكانی بەڕێز "مۆنیكا تیمەن" شارەداری "شارلۆتنبوورگ ـ ویلمێرس دۆرف"
٥ لە ئاوێنەی تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی میكونووس‌دا
بەیاننامەی هاوبەش
٨ بزووتنەوەی ئیسلامی دەبێ سەرگوزشتەی تەحویلدانەوەی ٧ تێكۆشەری دێموكرات بە كاربەدەستانی ئێرانی، ئاشكرا بكا
١١ ئاوڕێك لە وەزعی كرێكارانی ئێران
١١ ئەركەكانی ڕۆژنامەگەری‌و ڕۆژنامەگەریی كوردی

# پەردەلادان لە سەر هێمای بیرەوەریی قوربانییانی ریستورانی میکونووس

سـەعات ٥ی ئێـوارەی (بـەکاتی ئورووپای ناوەندی) رۆژی سێشەممە ١ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی، ٢٠ی ئاوریلی ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی، رێورەسمی پـەردەلادان لەسـەر هێمـای بیرەوەریـی قوربانییـانی تیرۆریزمـی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران لـە ریسـتورانی میکونـووس لـە سـێپتامبری سـاڵی ١٩٩٢دا، بە بەشداریی زیاتر لـە هـەزار کەس لـە کەسایەتیی‌یە کـورد، ئێرانـیو ئورووپاییـیـەکانو هـەروەها ژمارەیـەکی بەرچاویش لە خەڵکی ئاساییو بە ئامادە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە هەواڵنێران لـە گەڕەکی شارلووتن بورگ ـ ویلمرس دۆرف لە شاری بێرلین بەڕێوەچوو.

لـەو رێورەسـمەدا خـانمی "مۆنیکـا تیمـەن" شـارەداری ناوچـەی شـارلووتن بـورگ ـ ویلمێـرس دۆرف لـە وتارێکدا لەسەر بنیاتنانی ئەو هێمایە دواو گـوتی: لەو ناوچەیە ٣٠٠ لەوحی بیرەوەری هـەن، بـەڵام ئـەو یەکـەیان شـتێکی دیکەیـەو کێشـەیەکی گرینگـی بـەدواوە بـوو. هۆیەکەشـی دەگەڕێتـەوە بـۆ نێـوەرۆکی رووداوی میکونـووس کـە تیرۆریزمـی





دەوڵەتیی لە پشت بوو. هـەروەها خـانمی تیمـەن رایگەیانـد دەوڵـەتی کۆمـاری ئیسلامیی ئێران زۆری هەوڵ دا تا بەر بە دانانی ئـەو هێمایـە بگـرێ، بـەڵام هـەم بەرپرسانی ناوچەو هەم شارەداریی بیرلین لە بەرامبەر دەستێوەردانی ئـەو رێژیمـەدا

خۆراگرییان لە خۆیان نیشاندا. هـەروەها بەڕێزیان گوتی: ئـەو هێمایە بۆیـە لێـرە دادەنـرێ تـا نـاوی قوربانیـیـەکانو دەستووردەرانو عامیلانی ئەو رووداوە بۆ هەمیشە لە مێژووی بیرلیندا بمێنێتەوە.

لـەو رێورەسـمەدا نوێنـەری حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتانی ئێـران، بـەڕێز دوکتور میرۆ عەلیار، پەیامی سـکرتێری گشـتیی حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتانی ئێرانی (کە بەم بۆنەیەوە رەوانەی کرابـوو) خوێندەوە، پاشان وتاری خـۆی پێشـکێش کرد. هەر لەو رێورەسمەدا خوشکە کـەژاڵ

خێزانـی شـەهید فـەتاحی عەبـدولیو خوشکە سارا دێهکـوردی کچـی شـەهید نـووری دێهکـوردی وتاریـان خوێنـدەوەو سوپاسی خۆیـان پێشکێشـی بەرپرسـانی شاری بیرلینو ئەو ژمـارە زۆرە لـە خـەڵك کرد کە لـەو رێورەسمەدا ئامـادە بـوون.

پێویسـتە بگـوترێ کـە لـەو رێورەسـمەدا یـەکێك لـە وەکیلـەکانی بنەماڵـەی قوربانیی‌یەکانو چـەند کەسـایەتیی دیکـە قسـەیان کـردو کۆمـەڵێك کەسـایەتیی دیکەی جیهانیش پەیامی خۆیان بۆ ئـەو رێورەسمە ناردبوو.

ئەوە دەقـی ئـەو نووسـراوەیەیە کـە لەسەر هێمای بیرەوەریـی قوربانیی‌یـەکانی رووداوی میکونووس نووسراوە:


**لێـرە، لـە گـەڕەکی قـەدیمیی رێستورانی میکونووس، لـە رێکـەوتی ١٧ سێپتامبری سـاڵی ١٩٩٢، رێبـەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێـران، دوکتور سادقی شەرەفکەندی، فەتاح عەبدولی، هومایون ئەردەڵان لەگـەڵ نـووری دێهکـوردی سیاسـەتمەداری دانیشـتووی بێـرلین بـە هـۆی کاربەدەسـتانی دەوڵـەتی ئـەو کـاتی ئێران کوژران.**

**ئـەوان لـە رێگـای خـەبات بـۆ ئازادیو مافی مرۆڤ کوژران.**

رێورەسمەکە پاش کۆتـایی قسـەکانو خوێندنەوەی پەیامەکان، کۆتایی پێهات.

❊❊❊

# پەیامی سکرتێری گشتیی حیزب بۆ رێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی بێرلین



زۆر بەڕێز خانمی مۆنیکا تیمەن شارداری شارلووتن بوورگ ـ ڤیلمێرس دۆرف!

بـەڕێزان خوشـكو برایـانی بەشـدار لـە رێـورەسمی پـەردەلادان لەسـەر تـابلۆی بیرەوەریـی شـەهیدانی ریسـتوورانی میکونووسی بێرلیندا!

حەوت ساڵ لەمەوبەر دەزگای قەزایی ئەڵمان پاش سێساڵو نیو کاری بەردەوام، سێسـاڵو نیـو پـێداگرتن لەسـەر پرەنسـیپەکانی سـەربەخۆیی دەزگـای قەزاییو سێساڵو نیو راوەستان بەرامبەر بـە فشـارو تێبینیـیـە سیاسـیو دیپلۆماسیی‌یەکان، بـەدەرکردنی حـوکمی ئازایانەی دادگای بێـرلین لـە رۆژی ١٠ی ئاوریلی ١٩٩٧دا سەروەریو شانازیی‌یەکی خولقاند کە بەداخەوە دەزگای قەزایی لـە هێندێ وڵاتی دیکـەی ئورووپـاییدا لێـی بێبەش بوو. دادگای بێـرلین بـەدەرکردنی حوکمێکی عادڵانە لـە بـارەی جینایـەتی رۆژی ١٧ی سـێپتامبری ١٩٩٢ی

ریسـتوورانی میکونووسـەوە بـۆ دنیـای ئاشکرا کرد کە تـیرۆری رێبـەری حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتانی ئێـران ـ دوکتـور سادق شەرەفکەندیو هاوڕێیـانی: فـەتاح عەبـدولی، هومـایون ئـەردەلانو نـووری دێهکـوردی بـە دەسـتووری راسـتەوخۆی بەرزترین بەرپرسانی کۆماری ئیسـلامیی ئێران بەڕێوە چووە.

ئـەمڕۆش بـە دەسـت پێشـخەریی فراکسـیۆنەکانی سـەوزەکان، حیزبـی سوسیال دیموکرات، حیزبی سوسیالیستی دیموکراتیـك لـە مەجلیسـی ناوچـەیی شارلووتن بـۆرگ ـ ڤیلمێـرسو هاوکـارو هاوبیرەکانیـان بـە دروسـتکردنی تـابلۆی بیرەوەری بـۆ شـەهیدانی بێـرلین کـە لـەم رێورەسـمەدا پـەردەی لەسـەر لادەدرێ شانازیی‌یەکی دیکە دەخولقێنێ. سازکردنی ئەم تابلۆیە هەر لەو کاتەدا کـە رێزگـرتن لە ناوو یادی ئەو کەسانەیە کە گیانیان لە رێگای خەبات بۆ ئـازادیو دیموکراسـیدا

بـەخت کـردوە، هەوڵێکیشـە بـۆ ئـەوەی هەموومان لە هـەر کـوێ هـەین، چاوو گوێمـان بکەینـەوەو وشـیاری مەترسـیی تیرۆریزم بین کـە یـەکێك لـە بەدناوترین جۆرەکانی، تیرۆریزمی دەوڵەتیی‌یە.

بەبۆنـەی ئـەم هـەنگاوە بەنرخـەوە بەناوی خۆمو هەموو تێکۆشەرانی حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتانی ئێـران، هاوئامانجـەکانی شـەهیدانی ١٧ی سـێپتامبری ١٩٩٢ی بێرلینـەوە پڕبـەدڵ سوپاسی پارلمانو شارەداری بـەڕێز خـانمی مۆنیکـا تیمـەنو هـەموو ئـەو کەسـانە دەکەم کە بە پێشکێش کردنی کۆمـەکی فەننی یا بە دانی یارمەتیی مـاڵی کـاری دروستکردنی ئەم تابلۆیەو زیندووڕاگرتنی یادی شـەرەفکندیو عەبدولیوئەردەڵانو دێهکوردییان بە ئاکام گەیاندوە.

لـەم دەرفەتـە کـەڵك وەردەگـرم بـۆ ئەوەی جارێکی دیکە رێزو ئەمەگناسیی خـۆمو هـاوفکرانم لـە حیزبـی دێـموکراتی کوردسـتانی ئێـراندا بـەدەزگای قـەزایی ئـەڵمان، بەتایبـەتی بـە دادسـتانو قازیـیـەکانی دادگـای میکونـووسو بـە وەکیلـەکانی بنەماڵـەی قوربانیـیـەکانی تیرۆری ١٧ی سێپتامبر رابگەیەنم.

**لەگەڵ سڵاوو رێزو ئەمەگناسی**

**عەبدوڵڵا حەسەنزادە**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**کوردستانی عێراق ـ ٢٠٠٤/٣/٣١**

◆◆◆

**هاوڕێ میرۆ عەلیار لە رێورەسمی پەردەلادان لەسەر تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی بێرلین:**

# ئێمە لە خەبات دژی تیرۆریزمی نێونەتەوەییو تیرۆریزمی دەوڵەتیی ئێران، پێویستیمان بە سیاسەتێکی شێلگیرو لێبڕاو هەیە



**بەڕێزان!**

هەموو جارێ هەواڵێك بڵاودەبێتـەوە کە قاتڵەکانی میکونووس زووتر لە کـاتی خۆی لە بەند رزگار دەکرێن. دواجـار لـە نـوامبری ٢٠٠٣ دابـوو گـوترا، تیرۆریسـتەکان گویـا لـە چوارچـێوەی گۆڕینەوەی زیندانی لە نێوان ئیسـرائیلو حیزبـوڵڵادا ـ کـە ئاشـکرایە لـە لایـەن ئێرانـەوە پشـتگیریی لـێدەکرێ ـ بەردەدرێن. هەروەها گوترا کە گۆڕینەوەی بەندیی‌یـەکان لەلایـەن دەوڵـەتی فیـدرالی ئەڵمانەوە بەڕێوە دەچێ. بڕیارێکی ئـەوتۆ ئاکامی زۆر نالەباری بەدواوە دەبێ.

لەلایەکەوە ئـەو هـەنگاوە کۆمـاری ئیسلامی بۆ جینایەتێکی دیکە تەشـویق دەکا، لە لایـەکی دیکـەوە دەبێتـە هـۆی ئـەوە ئـەو جووڵانـەوە دیموکراتیکانـەی بەکارهێنانی زۆرو تـیرۆر رەد دەکەنـەوە، متمانەیان بە رێگاچارەی ئاشـتیخوازانەی گیروگرفتـەکان لـە دەسـت بـدەن ئـەو سیاسەتە، تیرۆر وەك کەرەسەی گەیشتن بە ئامانج جەزاب دەکا.

بڵاوکردنەوەی ئەو هەستە لە بیروڕای گشتی‌دا کـە گویـا کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران دەسـتی لـە تیرۆریـزم هـەڵگرتوە، کارێکی هەڵەو غەیرە مەسئوولانەیە.

رێـژیم جـارێ بـە شـێوەی کـاتی عەمـەلیاتی تیرۆریسـتیی لـە ئورووپـا راگرتوە، بەڵام لە ئێـرانداو بـە تایبـەتی دژی ئۆپۆزیسیۆنی کـورد هـەروا درێـژەی پێدەدرا. بۆ وێنە هەر حەوتوویـەك لـەوە پێش ئاشـکرا بـوو کـە رێـژیمی ئێـران ٦ ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی کە لە سـاڵی ١٩٩٦دا لـە داوی کـەوتبوونو تـەحویلی درابوونـەوە دوای چـەند سـاڵ ئەشکەنجە ئیعدام کردوون.

هەر کەس لـە ٢٠ سـاڵی رابـردوودا ئاڵوگۆڕەکانی ئێرانی لە لایەكو سیاسەتی رۆژئـاوا بەرامبـەر بـە ئێـران لەلایـەکی دیکەوەی بە وردی سەیر کردبـێ، لەگـەڵ مـن هـاودەنگ دەبـێ کـە سیاسـەتی رۆژئاواو بە تایبەتی سیاسەتی یەکیـەتیی ئورووپا بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی بە تەواوی شکستی خواردوەو ئەو سیاسـەتە نـەیتوانیـوە کۆتـایی بـە تیرۆریزمـی دەوڵەتیی ئێران بێنێ. ئێمـە لـە خـەبات دژی تیرۆریزمی نێونەتەوەییو تیرۆریزمـی دەوڵـەتیی ئێـراندا پێویسـتمان بـە سیاسەتێکی شێلگیرو باوەڕپێکراوە هەیە. سیاسەتێك کـە نەچـێتە ژێـر بـاری درۆو هەڕەشـە، بـە تایبـەتی سیاسـەتێك کـە ئامـادە نـەبێ ئوسـوولی دیموکراتیـك، عەداڵـەتو دەسـەڵاتی قـانوون بـۆ بەرژەوەندیی ئابووریو سیاسی، بخاتە ژێر پرسیارو لە ژێر پێیان بنێ.

بـە بـڕوای ئـەو سیاسـەتوانانەی پشـتیوانییان لـە دانـانی ئـەو تـابلۆی بیرەوەریـە کـرد، لـە پێنـاوی ئـەو سیاسـەتەدا، هـەنگاویان هەڵێناوەتـەوە. ئـەوان لـەو بڕیـارەدا گوێیـان نەدایـە هەڕەشەو گوڕەشەی تارانو بەم جۆرە پاش حـوکمی دادگـای میکونـووس زەبرێکـی قورسی دیکەیان لە تیرۆریزمی دەوڵـەتیی ئێران وەشاند.

هەسـتێکی خۆشـە کاتێـك مـرۆڤ دەبینێ کە لە بیرلین نەتـەنیا دادستانو قـازیو وەکیلـی لێهـاتووی وا هـەن کـە دادگایـەکی لـە بـاری سیاسـیـیەوە زۆر حەساسـی وەك دادگـای میکونـووس سەرکەوتووانە کۆتـایی پـێدێننو بـەڕای عادڵانـەی خۆیـان زەبـری قـورس لـە پەیکەری تیرۆریزم دەوەشێنن، بەڵکوو لـە بێـرلین سیاسـەتوانی واش هـەن کـە لـە هـەموو حاڵێـکدا بـە پرەنسـیپە دیموکراتیکەکانیان وەفادار دەمێننـەوەو داکۆکی لە عەداڵەتو کەرامەتی ئینسان دەکەن.

بێگومـان، مونیکـا تیمـەنو ئەندامانی فراکسیونەکانی سـەوز ، لـە پارلمـانی شـارلووتن بـوورگ ـ ڤیلمێـرس دۆرفو هەروەها "کلاوس ڤۆڤە رایـت شارەداری بیرلین، لەگەڵ ئەو سیاسـەتوانە بەپرەنسیپانە حیساب دەکرێن.

پێم خۆشە پڕبەدڵ سوپاسـی هـەموو ئەو کەسایەتییانەو هەروەها ئەم بەڕێزانـە بکەم کە لە ئامادەکرانو سـازکردنی ئـەو تابلۆیەدا بەشدار بوون. سوپاسی هـەموو ئێوەی بەڕێز دەکـەم کـە لـەو رێورەسـمەی ئەوڕۆدا بەشداریتان کردوە.

ئێمەی کورد تـەنیا نین. ئێمـە دژی سەرکوتو تیرۆر خەبات دەکەین، ئێمە بۆ ژیانێك پڕ لـە عیـزەتو ئـازادی خـەبات دەکەینو لەو رێگایەدا دۆستێکی زۆرمان هەیـە. ئێمـە لـە خـەباتی رەوامانـدا سەردەکەوین.

سوپاستان دەکەم

◆◆◆

# برووخـێ رێژیمـی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران

# قسەکانی بەڕێز "مۆنیکا تیمەن" شارەداری "شارلۆتنبوورگ ـ ویلمێرس دۆرف" لە رێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر هێمای بیرەوەریی شەهیدانی میکونووس



خاتوو مۆنیکا تیمەن

**بەڕێزان!**

قەت پەردە لادان لەسەر تابلۆیەکی بیرەوەری لە گەڕەکەماندا بە قەت ئەوەی ئەمڕۆ سەرنجی رانەکێشاوە. لە کاتێکدا ئێمە وەك شارەداری نە دەمانەوێو نە دەتوانین سیاسەتی کەلان بکەین.

ئێمە تەنیا دەمانەوێ لێرە لە شوێنی رووداوەکە جینایەتێك وەبیر بێنینەوە، واتە تیرۆری ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢. بە فەرمانی دەوڵەتی ئەوکاتی ئێران، ئەفرادی دەزگای ئیتلاعاتی، ٤ ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کوشت کە لێرە لە رەستوورانی ئەوکاتی میکونووس کۆببوونەوە. سێ کەسیان میوانی ئەو شارە بوونو یەکیان لە بێرلین دەژیا.

ئەوە لەلایەن دادگایەکی ئەڵمانییەوە مەعلووم کراو قاتڵەکان گیرانو موجازات کران. پارلمانی گەڕەکەکەمان بڕیاری دا بەهۆی تابلۆیەکی بیرەوەرییەوە تیرۆرەکە وەبیر بێنێتەوە. ئەوە بۆ ئێمە سروشتییە، چون ئەو جینایەتە تەنیا ئێمەی نەهەژاند، تەنیا لە بێرلینو ئەڵماندا نەبووە هۆی تووڕەیی، بەڵکوو لە هەموو دنیای شارستانیداو، دادگای دوای ئەو کارەساتە لە سەرانسەری جیهان بە سەرنجی زۆرەوە سەیر دەکرا.

کارەساتی ئەو کاتە لە کتێبە مێژووییەکاندا تۆمار کراو ئەوە بۆ ئێمە سروشتییە کە لە شوێنی کارەساتەکە بەهۆی تابلۆیەکی بیرەوەری یادی رووداوێکی مێژوویی ئەوتۆ بکەینەوە، کارێك کە ئێمە بە پتر لە ٣٠٠ تابلۆی بیرەوەری لە شوێنەکانی دیکەی گەڕەکەکەمان دەیکەین. ئەو تابلۆی بیرەوەرییە هەر لە پێش دانانی بوو بەهۆی باسێکی زۆر. راسپاردەیەکی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵی دا من قانیع بکا کە ئەو تابلۆیە دەتوانێ پێوەندییەکانی نێوان ئەڵمانو ئێران تووشی کۆسپ بکا. ئەمن نەمتوانی ئەوە قەبووڵ بکەمو پێم کوت کە بێدەنگیکردن لەسەر رابردوو قەت باش نەبووە، ئەگەر بیرەوەرییە ناخۆشەکانی نێوان گەلان پشتگوێ بخرێن، رۆژێك دێ کە ببنە هێزێکی وێرانکەر.

راست [لەبەر ئەوەی] ئێمەی ئەڵمانی فێر بووین بۆ ئەوەی هەڵەکانی رابردوو دووپات نەکەینەوەو داهاتوویەکی باشتر ساز بکەین، بیرەوەری پێویستە. بۆیە لە زۆر شوێنو لە گەڕەکی خۆشماندا یادی جینایەتەکانی مێژووی خۆشمان دەکەینەوە. باس بوو کە لەسەر نێوەرۆکی تابلۆکەو لە هێندێك هەواڵدا وا دەنوانرا کە مەتنەکە لاواز کراوە، وەك ئەوەی عامیلەکان کەمتر روون نێودێر کرابن، لەوەی کە لە سەرەتاوە بەنیاز بووین.

ئەگەر دەقی سەر تابلۆکە بخوێننەوە، بۆتان دەردەکەوێ کە ئەوە راست نیە. بە پێچەوانە، سەرەتا وشەی دەزگای ئەمنییەتی بۆ دیاریکردنی عامیلەکان لەبەرچاو گیرابوو، شتێك کە رێگای بەو لێکدانەوەیە دەدا کە رەنگە کەسانی دەزگای ئەمنییەتی، سەربەخۆو بەبێ پەسندی دەوڵەتەکەیان تیرۆرەکەیان کردبێ. ئێستا بە روونیو بێ هیچ گومانێك لەسەر تابلۆکە دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێران نێودێر کراون، واتە، دەسەڵاتدارانی کاتی تیرۆرەکە لە ساڵی ١٩٩٢دا.

کەوایە تابلۆی بیرەوەرییەکە بەهۆی ئەو باسە گەرمەی لە بیروڕای گشتیدا لەسەری کرا، هیچی نەدۆڕاندوە، بەڵکوو بردوویەتەوە. لە هەر تابلۆیەکی بیرەوەری لە گەڕەکەکەماندا ناسراوتر بووەو پەیامی تابلۆکە روونو ئاشکرایە، بەو جۆرەی پارلمانی گەڕەکەکەمان مەبەستی بوو. بەرپرسانی جینایەتەکە دەسنیشان دەکرێنو قوربانییەکان نێودێر کراون. چون ئەوەیان پێ قەرزدارین کە لە بیر نەچنەوە. دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتتاحی عەبدولی، هومایونی ئەردەڵانو نووری دێهکوردی. ئەوان لە خەبات بۆ دێموکراسیدا مردن، ئێمەی ئەڵمانی باش دەزانین کە دێموکراسی لە خۆوە وەدی نایە، بۆیە دەمانەوێ بەهۆی ئەو تابلۆیە ئەوەش وەبیر بێنینەوە کە خەبات بۆ دێموکراسی، ئازادیو مافی مرۆڤ ئەرکێکی بەردەوامی هەمووی ئێمەیە. لە ولاتەکەی ئێمەشدا، دێموکراسی بەبێ هەوڵی چالاکانەی دێموکراتەکان توانای ژیانی نیە.

دێموکراسی لە زۆر بوارو زۆر ئاستی کۆمەڵی ئێمەدا دەژی. ئێمە دەزانین کە سەربەخۆیی دادگاکانو ئازادیی چاپەمەنی مەرجی ئەساسیی دێموکراسین.

راست کێشەو هەڵلا لەسەر ئەو تابلۆی بیرەوەرییە نیشانی دا کە ئەو ولاتانەی بەشێوەی ئۆتۆریتێر بەڕێوە دەچن، لە بنچینەکانی دێموکراسی ناگەن. دێموکراسی یانی ئەوەش کە مەراجیعی جۆراوجۆری سیاسەت سەربەخۆو لەسەر مەسئوولییەتی خۆیان دەجوولێنەوە. ئەمن سوپاسی شارەداری حاکم دەکەم کە لە وەڵامی رەخنەی هاوکاری تارانیێی خۆیدا بەڕوونی پێی لەسەر ئەوە داگرت کە ئەو لە بڕیارەکانی پارلمانو شارەدارییەکەماندا دەخالەت ناکا. بەبێ پشتیگیریو یارمەتیی ماڵیی زۆر مرۆڤو رێکخراو، تابلۆکە ساز نەدەکرا. لەوانە: "بنیاتی بۆ جیهانێکی هاوپێوەند"، "کۆمەڵەی پزیشکانی کورد لە ئەڵمان"، "کۆمەڵەی کوردەکانی سووریە لە بێرلین ـ براندن بوورگ"، "کۆمەڵەی پەنابەرانی ئێرانی"و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. لە دڵەوە سوپاسی هەموو ئەو لایەنانە دەکەم.

زۆر چاوپێکەوتنم هەبووەو زۆر نامەو ئیمەیلم بۆ هاتووە. هەموویان پشتیوانییان لە تابلۆکەی بیرەوەرییەکە کردوە لە شارەداریو پارلمانی گەڕەك بۆ ئەو دەستپێشخەرییە سوپاسیان کردوە. سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە ئەمڕۆ هاتوونە ئێرە کە پێکەوە پەردە لە تابلۆکە لادەین. سوپاسی وەکیل "هانس ـ یواخیم ئێریگ" دەکەم کە وەك یەکێ لە باشترین ئەو کەسانەی ئاگاداری مەسەلەکەن، ئامادەبوو بێ قسەمان بۆ بکا. سوپاسی دوکتور میرۆ عەلیار، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەم کە لەسەر ئەندامە شەهیدەکانی حیزبەکەی قسە دەکا. بەتایبەتی سوپاسی سێ ژن دەکەم ئەمڕۆ لە لامانن: کەژاڵ عەبدولی لەسەر مێردی کوژراویو سارا دێهکوردی لەسەر بابی کوژراوی قسە دەکەنو هەروەها شوهرە دێهکوردی پەردە لەسەر تابلۆی بیرەوەری بۆ مێردی کوژراوی لادەدا. سوپاسیان دەکەم کە سەرەڕای ئێشی بیرەوەری، هاتوونە ئێرە.

◆◆◆

## وتاری "هانس یوئاخیم ئێریگ" وەکیلی بنەماڵەی شەهیدانی بێرلین، لە رێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی بێرلیندا

زۆر بەڕێز خانمی شارەدار، کەژاڵی خۆشەویست، شوهرەی خۆشەویست، سارای خۆشەویست! بەڕێزان!

تابلۆی بیرەوەریی درەنگ هات ـ ١٢ ساڵ دوای قەتڵەکەو ٧ ساڵ دوای رەئی دادگای بێرلین کە وەك تیرۆرەکە سەرنجی راکێشا کە رۆژنامەی "زوید دوێچە تساتیوونگ" نووسیبووی:

"حوکمی میکونووس نەك هەر لە مێژووی حقووقیی ئاڵماندا تۆمار دەکرێ، بەڵکوو بۆ یەکەمین جار دادگایەکی بەرز لە دادگایییەکی قەتڵدا، بەڕوونیو بەئاشکرا رێبەری دەسەڵاتداری ولاتێکی وەك بەرپرسی جینایەتێکی قورس دیاری کرد".

هەروەها پەردەلادان لە تابلۆکەش وەدوا خراوەو مەتنەکەش دەستی تێوەردراوە (لەوێدا) باسی دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێران وەك فەرماندەرانی (عامیلانی) تیرۆرەکە کراوە. دەبجا وەدواخستنەوە بۆچی؟ موراعات بۆچی؟ دژکردەوەی توندو هەڕەشە لە تارانەوە بۆچی؟

وەڵامەکە زۆر هاسانە، دەسەڵاتدارانی ئەوکات دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆشن. رێبەری مەزهەبی ئێستاش هەر خۆیەتیو دەسەڵاتەکەی لێی کەم نەبۆتەوەو شوورای نیگابانی مەزهەبی، هەر پێش هەڵبژاردنی مەجلیس سنووری بۆ ریفۆرمخوازەکان دیاری کرد. کەوایە تابلۆکە رابردوو وەبیر ناهێنێتەوە، کێشە لەسەر مەتنو دانانەکەی پێوەندیی ئەمڕۆی نێوان ئاڵمانو ئێرانیش دەگرێتەوە.

لە دێموکراسیی ئێمەدا، دەخالەتی خەڵك شتێکی ئاساییە، بۆیە خۆم بەڕاشکاوی دەڵێم: لە هەڵسوکەوت لەگەڵ تیرۆریزمی دەوڵەتیشدا شێلگیریو سەراحەت لە قسەکردندا پێویستە لەو پێوەندییەدا. ئەو دوو کەسەی بەتاوانی ٤ فەقەرە قەتڵ مەحکووم کراون نابێ زووتر بەربن هەتا قاتڵێکی ئاسایی ئاڵمانی.

گۆڕینەوەی پێش کاتی خۆی ـ هەروەها لە چوارچێوەی رێککەوتنێکی ئیسرائیل لەگەڵ حیزبوڵڵاشدا ـ بێحورمەتییە بە قوربانییەکانو سیگناڵێکی هەڵەیە لە خەبات دژی تیرۆریزمدا.

بە پێچەوانە، کاتی ئەوەیە کە "بەنی هاشمی" کە تیرە خەلاسەکەی لێداونو هەروەها وەزیری ئیتلاعاتی پێشووی ئێران "عەلیی فەلاحیان" کە بە حوکمی گرتنەوە لێیان دەگەڕێن، تەحویل بدرێنو دادگایی بکرێن. هەروەك دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئاڵمانی دێموکراتیك (ئاڵمانی رۆژهەلات) دادگایی کران، دەبێ بەرپرسانی تیرۆری میکونووسیش ـ هیوادارم زوو ـ لە دادگایەکی ئێرانیدا وەڵام بدەنەوە. چون ئەو کاتە دەکرێ باسی دەسەڵاتدارانی ئەوکات بکرێ.

تابلۆی بیرەوەری بۆ زیندووڕاگرتنی یادی تیرۆرەکەیە. ئەوی دیکە مەسەلەی خەڵکی ئێرانە.

## پەیامی خاتوو "ئووتا تساپوف" سەرۆکی گرووپی کاری کوردانو جێگری قسەکەری کاروباری دەرەوەی فراکسیۆنی حیزبی سۆسیال دێموکرات ـ لە پارلمانی ئاڵماندا

بۆ نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە ڤییەنو بێرلین میرۆ عەلیاری خۆشەویست!

ئەمڕۆ پەردە لە تابلۆی بیرەوەری بۆ قوربانییەکانی تیرۆری میکونووس لادەدرێو خەیاڵ دەمانباتەوە بۆ رۆژی رووداونی کارەساتە ترسناکەکە. داخو کەسەرو واقوڕمانی ئەو کاتەی لە کردەوە خوێناویو بێزراوەکە ئاگادار بووین، دیسان زیندوو دەبنەوە. ئەو جینایەتەی ژیانی لە چوار مرۆڤ ئەستاند، کاك سادقی شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاك فەتتاح عەبدولی نوێنەری ئورووپای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کاك هومایون ئەردەڵان، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمانو کاك نووریی دێهکوری، ئێرانییەکی دۆستی نیشتەجێ لە بێرلین ئەو پیاوانە بوون کە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بۆ مافی مرۆڤ، دێموکراسیو ئازادی خەباتیان دەکرد. ئەوان بە جەرگەوە بۆ مافەکانی خوشكو برا کوردەکانیان تێدەکۆشانو لەو رێگایەدا گیانی خۆیان بەخت کرد. ئەوان لە بێرلین میوانی ئەنتێرناسیۆنالی سۆسیالیست بوونو لەو هاوپێوەندییە هەستیان بە ئەمنییەت دەکرد.

ئەو بیرەوەرییە بەتایبەتی بۆ من پڕ ئێشە، چون تەنیا چەند رۆژ بەر لەوە چاوپێکەوتنێکی باشمان هەبوو. ئەوان ئازایەتیو تێکۆشانیان بوو بەهۆی ئەوە کە وەك سکرتێری گشتی، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ٣ ساڵ پێش، گیانیان لە پێناوی ئاشتی، دێموکراسی، مافی مرۆڤو مافەکانی گەلەکەیاندا بەخت بکەن.

ئامانجەکانیان بەرقەرارن، هی دیکە جێگایان گرتوونەتەوەو ئێمە لە خەباتیاندا هاوپێوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە.

**لە کاتی پەردەلاداندا بە بیر لەلای ئێوەم**

**"ئووتا تساپوف"ی ئێوە**

## پەیامی خانمی "کلودیا رووت" ئەندامی پارلمانو بەرپرسی کاروباری پێوەندیدار بە مافی مرۆڤ لە دەوڵەتی ئاڵماندا



خانمەکانو ئاغایان! دۆستانی بەڕێز!

ئەو جێگا بەتاڵەی کە بە کوژرانی دۆستانمان دوکتور سادقی شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، هومایون ئەردەڵانو نووریی دێهکوردی لە نێو ریزی ئێمەدا پێك هاتوە، دوای ١٢ ساڵ تێپەڕین بەسەر ئەو پاشنیوەڕۆ خوێناوییەدا، ئێستاش دڵی ئێمە ئازار دەدا. بەداخم کە بە هۆی ئەرکەکەم وەك بەرپرسی کاروباری مافی مرۆڤ، لە دەوڵەتی ئاڵماندا، دەبێ لە کۆبوونەوەی کومیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، لە ژنێڤ ئامادە بمو نەمتوانی لە رێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر هێمای بیرەوەریی قوربانییەکانی ئەو رووداوەدا بەشداری بکەم. ئەو پیاوە هەڵکەوتوانەو ئەو خەباتگێڕانەی رێگای ئازادی، دێموکراسیو حکوومەتی یاسا لە ئێرانو لە هەموو جیهان، لە دۆستانی نزیکی من بوون.

ئەرکی سیاسیو ئەخلاقیی ئێمەیە کە رێز لە بیرەوەریی قوربانییەکانی ئەم رووداوە بگرینو هاوپێوەندیی خۆمان لەگەڵ کەسوکاریان رابگەیەنین. ئەو هێمایەی بیرەوەری وەبیر ئێمە دێنێتەوەو وریامان دەکاتەوە کە ئێمەو بیروڕای گشتی ناتوانین ئەو ئینسانە گەورانەو ئاکامەکانی جینایەت باری سیاسەتێکی غەیرە ئینسانی لەبیر بەرینەوە. سوپاسی شوورای ناوچەیی گەڕەکی شارلوتن بۆرگو شارەدارەکەی دەکەم کە ئەو کارەیان بە عەلاقەو بەرپرسایەتییەوە بە ئاکام گەیاند.

**لەگەڵ رێزمدا**

**کلۆدیا رووت**

# پەیامی چەند کەسایەتی‌یەکی سیاسی بۆ ڕێوڕەسمی پەردەلادان لەسەر تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی بێرلین

## پەیامی لۆرد "ئەریك ئیڤیبری"

بەڕێز کاك سوارە!

زۆر بەداخم کە ناتوانم لە ڕێورەسمی دسپێکردنی کۆڕیادی دوکتور سادقی شەڕەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، لەگەڵتاندا بم. خەڵکی بێرلین‌و سەرجەم مرۆڤدۆستانی جیهان، قەتڵی جینایەتکارانەی دوکتور شەڕەفکەندی‌و سێ هاوڕێکەی لە ڕێستورانی میکونووس، هەڵکەوتوو لە ویلمر سرۆرفی شاری بێرلین بە دەستی قاتڵانی سەر بە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران لە ڕێکەوتی ١٧ی سێپتامبر ١٩٩٢ی زایینی لە بیر ناکەن. شەهیدبوونی ئەوان لە ڕێی خەبات لە پێناوی سەلماندنی ناسنامەی میللەتی کورددا بەفیڕۆ نەچوو. ئێستا کە لە ئاستێکی بەریندا رادەگەیەندرێ کە ڕێگاچارەسەرێکی ئاشتیانە [ بۆ چارەسەری کێشەکان]ی ناوچەکە پێویستی بە دیالۆگێکە لەسەر بنەمای ڕێزی دوو لایەنە پێك بێ، هەیە. ڕێزو حورمەتێك کە دوکتور سادق شەڕەفکەندی بۆ گەیشتن پێی، گیانی خۆی بەخت کرد.

**ئەریك ئیڤیبری**
**ژمارە ٢٦ شەقامی فلاون**
**لەندەن ـ مەجلیسی لوردان**

******

### بۆ ڕێورەسمی ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤ی بێرلین، بۆ ڕێزگرتن لە یادی دوکتور سادقی شەڕەفکەندی‌و هاوڕێکانی

کاتێکە بۆ ڕێزگرتن لەو فیداکارییانەی کە لە رابردوودا، لەلایەن کەسگەلێك وەك دوکتور سادیقی شەڕەفکەندی‌و هاوڕێکانی کە لە پێناوی ئازادیی گەلی کورددا کردوویانن، لێك کۆدەبنەوە، کەسانێك دڵگەرم‌و گەشبین دەکەن کە دەبێ فیداکاری بکەن. بەوان دەڵێین کە لە خەباتی سەخت‌و ناهەموار خۆیاندا بە تەنیا نین‌و قارەمانەتیی ئەوان لە خەبات بۆ وەدەسهێنانی مافی مرۆڤ بۆ کوردان لەلایەن خەڵکی دنیاوە پشتیوانییان لێ دەکرێ.

ئەمڕۆ ناتوانم لەگەڵتاندا بم، بەڵام لەوە دڵنیام کە لە پێزانینی خۆمدا نوێنەری ژمارەیەکی زۆر لە کوردەکانم.


**هەژیری تەیووریان ـ لەندەن**

## پەیامی دوکتور عەلیڕەزا نووری‌زادە

**خەباتگێڕە سوارچاکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!**
**بە سڵاو لە تێکۆشەران!**

سڵاو لە گیانی شەهیدە دلێرەکانی ڕێگای ئازادی کە بە خوێنی خۆیان، سنەوبەری ئازادی‌و سەروەریی نەتەوەیی‌یان لە وڵاتە ژێر ستەمەکەماندا ئاودێری کردوە.

کڕنۆش دەبەین بۆ یادەوەریی نەمران کاك دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، دوکتور سادقی شەرەفکەندی، عەبدوڵڵا قادری، ئەردەڵان، دێهکوردی‌و • • • دانرانی تابلۆی یادەوەریی شەهیدانی میکونووس، نەك چقڵ، بەڵکوو تیرێك بوو کە بە چاوی ویلایەتی نەزانین‌و ستەم‌و گەندەڵیدا چوو. سیخوڕی وەلیی فقیە ـ حسێن شەریعەتمەداری ـ کە لە گۆڕەپانی شەرمەزاریدا، ئەسپی بێشەرمی وەها تاو دەدا کە هاوشێوەی ئەو لە سەرانسەری مێژووی نەتەوەکەماندا بەدی ناکرێ. لە ڕۆژی پەردەلادان لە تابلۆی یادەوەریی شەهیدانی حیزبی دێموکراتی سەرفرازی کوردستان، لە ڕۆژنامەی حەزرەتی ویلایەتی مەزن، "کەیهان"ی تاراندا، هێشتا قەڵەم دەگێڕێ‌و دەنووسێ کە قوربانی‌یەکانی میکونووس بە هۆی مشتومڕی نێوخۆیی‌و لەلایەن ڕکەبەرەکانیانەوە پاکتاو کران. هاوکاتیش ماستاوچی تایبەتی حەزرەتی ویلایەت‌و بکوژی دەیان کەس لە ئازادیخوازانی نیشتمان، "ئەحمەدنژاد"ی شارەداری تاران، پاش ئەوەی کە ڕێژیم ساڵیانێك دەستی لە نێو کاکۆڵی سەدام حسێن دابوو و خانزادەکانی "سەردار بەهرەمانی" بە تامەزرۆیی‌یەوە بە دیداری ئاغازادەکانی "سوارچاکی تکریت" شاد دەبوون، کاتێ کە مامەڵەی ئیتلاعاتی سوپا (کۆمپانیای ڕەزمەندەگان‌و ڕەزمجوو) لە تەك کۆمپانیای "بابل"ی عودەی سەدام حسێندا لەو پەڕی گەرمی‌و ڕەونەقدا بوو،



کوتوپڕ قوربانی‌یەکانی هێرشی شیمیایی سەدام حسێن‌و کۆمپانیا ئاڵمانی‌یەکانی وەبیر هاتەوە کە ماددە شیمیایی‌یەکانیان بۆ ڕێژیمی عێراق دەستەبەر دەکرد.

تا دوێنێ "ئاڵمان" یاری هاودڵی کۆماری ویلایەتی فەقیه بوو، ئێستا کە شارەداری بەشەرەفی بێرلین، تابلۆی بیرەوەریی جینایەتی سیخوڕەکانی دیوەخانی پیرۆزی وەلیی فەقیهی لە پێش چاوی وەچەکانی ئەمڕۆو داهاتوودا، بەرزو شکۆدار ڕاگرتوە، کوتوپڕ پیاو ماقووڵەکان! کۆمپانیا ئاڵمانی‌یەکانیان دێتەوە یاد.

ڕۆژگارو سەرقاڵی، ئەو هەلەیان بۆ نەڕەخساندم کە لە بۆنەی پەردەلادان لە تابلۆی ئەو بیرەوەری‌یەدا، ئامادە بم، بەڵام لە دوورەوە لە بەرامبەر ئەو تابلۆیەدا سەری کڕنۆش نەوی دەکەم.

لە هەمان‌کاتدا کە بریتی لەدەستدانی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی وڵاتەکەم کە لە مەیدانی بەربەرەکانێ لە تەك ئەهریمەنی فەقیهدا گیانیان بەخت کرد، سارێژ نەبۆتەوە، شادو بەختەوەرم کە یادەوەریی جینایەتی میکونووس تا کۆتایی مێژوو، سەوزو نەمر دەمێنێتەوە.

سڵاوو ڕێزی من، بگەیەننە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادەو هاوڕێیانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و خێزانی شەهیدانی بێرلین‌و ڤییەن‌و کوچەو کۆڵانە بەخوێن شەڵاڵەکانی کوردستان.

**عەلی‌ڕەزا نووری‌زادە**
**لەندەن ـ ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤**

## پەیامی لوئیس ئەیالا

حیزبی دێموکراتی کورستانی ئێران!
هاوڕێیانی هێژا!

بە بۆنەی دەسپێکردنی ڕێورەسمی کۆڕیادی هاوڕێیان سادقی شەڕەفکەندی، فەتاحی عەبدولی‌و هومایون ئەردەڵان‌و نووریی دێهکوردی کە ئەمڕۆ لە شاری بێرلیندا بەڕێوەدەچێ. جارێکی دیکە سەری ڕێز بۆ فیداکاری‌و دڵسۆزیی ئەوان لە پێناوی گەلی کورددا دادەنوێنم‌و پشتیوانیی خۆم لەو ئامانجانە ڕادەگەیەنم کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەباتیان بۆ دەکا.

خەباتی ڕەواو قارەمانانەی ئەوان کە پێخەمی‌دا گیانی خۆیان بەخت کرد، بە شەهیدبوونیان کۆتایی پێنەهات‌و ئەو کەسانەی بەرپرسیاری ئەم جینایەتە دڵتەزێنە بوون لە لایەن سەرجەم ئەوانەوە کە خوازیاری ڕێزگرتن لە مرۆڤ، ئاشتی‌و دادن بۆ هەتاهەتایە مەحکووم دەکرێن.

ئامانج‌و ئاواتەکانی ئەوان لە نێو هاوڕێکانیاندا، لە بزووتنەوەی ئێمەداو لە نێو تێکڕای ئێمەدا هەروا بە خەنەوی دەمێنێتەوە.

ناوو یادیان بۆ هەتاهەتایە بەرزو پیرۆز بێ

**لەگەڵ هەستی برایانە**
**لوئیس ئەیالا، سکرتێری گشتیی**
**ئەنتێرناسیۆناڵ سۆسیالیست**

## پەیامی لیبراسیون، ڕێکخراوی دژی ئیمپریالیزم‌و دژی نەژادپەرەستی

### پەیام بۆ ڕێورەسمی کۆڕیادی دوکتور سادقی شەڕەفکەندی

کوشتنی دوکتور سادقی شەڕەفکەندی، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و، هاوڕێکانی فەتتاحی عبدولی، هومایون ئەردەڵان‌و نووری دێهکوردی، لە مانگی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٢ لە بێرلیندا، پێشکەوتنخوازان‌و دۆستانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانی داتروو‌سکاند. لە هەمان کاتدا ئەو ئامانجەی کە ئەوان لە پێناویدا گیانی خۆیان فیدا کرد، هەروا زیندووە‌و ناوەکانیشیان وێڕای ئامانجەکەیان بە نەمری دەمێنێتەوە. هەروەك د.عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی پێشووی حدکاو هاوڕێکانی، عەبدوڵڵا قادری ئازەرو فازڵ ڕەسووڵ کە بە دەستی قاتڵە بەکرێگیراوەکانی سەرەڕۆیی‌و زۆردەستی کوژران کە هێشتاش درێژە بە سەرکوتی [خەڵکی] ئێران دەدا، لەبەر ئەو خزمەتە ئازایانەیەی کە بە خەباتی ڕزگاریدەری گەلی کوردیان کرد، هەروا بە نەمری دەمێنێتەوە.

وێڕای ناردنی گەرمترین سڵاوی خۆمان، دەگەڵ سەرجەم بەشدارانی ڕێورەسمی ڕۆژی ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤ بۆ ڕێزگرتن لە یادو ناوی دوکتور سادقی شەڕەفکەندی‌و هاوڕێکانی کە لەگەڵیدا کوژران، هاوپێوەندیی خۆمان ڕادەگەیەنین.

**ئیستان نیوونس**
**بەرپرسی گشتی ـ لیبراسیون، بریتانیا**

---

## ڕاگەیاندراوی فراکسیۆنی حیزبی سوسیالیستی دیموکراتیکی ئاڵمان (S.P.D) لە پارلمانی شاری بێرلین

کاتێك نزیك کاتژمێری ١١ی شەوی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ چەند کەس بە ماسکەوەو بە دەمانچەو موسەلسەلەوە هێرشیان بردە نێو ڕێستورانی میکونووس، چوار کوژراو بەجێ‌مان. چوار کوژراوەکە سیاسەتوانی کوردی ئێرانی بوون کە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی ئەنترناسیونالی سوسیالیست هاتبوونە بێرلین.

لە دادگایەکی دوورو درێژی دوای تیرۆرەکەو هەروەها لە کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوە لە پارلمانی بێرلین دەرکەوت کە فەرماندەرانی ئەو تیرۆرە دڕندانەیە کاربەدەستانی ئێران بوون.

ئاشکراکردنی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئازایەتیی دەوێ‌و قازی‌یەکانی دادگای بێرلین ئەو ئازایەتی‌یەیان لە خۆنیشان دا. ئەگەر بە دروستی لە دژکردەوەی تاران بگەین، وادیارە دانانی تابلۆیەکی بیرەوەرییش لە شوێنی ڕووداوەکە پێویستی بە ئازایەتی هەیە. بۆیە فراکسیۆنی S.P.D لە پارلمانی بێرلین ئەوڕۆ پێکەوە لەگەڵ شارەداری، نوێنەرانی حیزبەکان، خەڵکی گەرەکەکەو ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە "پراگەر شتراسە" شوێنی ڕووداوە خوێناوی‌یەکە، پەردە لەسەر تابلۆکە هەڵدەدەینەوە.

تابلۆکە بۆ بیرەوەریی ئەو کەسانەیە کە میوانی شاری ئێمە بوون‌و سەفەرەکەیان کۆتایی‌یەکی ئاوا ترسناکی بەخۆوە گرت.

د. شەرەفکەندی، عەبدولی، ئەردەڵان‌و نووری.

عامیلەکانیشی بۆ دەسنیشان دەکا واتە دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێران.

ئەوە کارێکی باشە بە تایبەتی‌و ڕاست بۆ پێکەوە ژیانێکی ئاشتیخوازانەی گەلان.

**ماریۆن زلیش**
**جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی S.P.Dو ئەندامی ئەوکاتی کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەی "میکونووس" لە پارلمانی بێرلیندا**

## نامەی کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانی‌یەکان لە بریتانیا بۆ خانمی "مۆنیکا تیمەن"

بەڕێز خاتوو مۆنیکا تیمەن!

ئێمە وەك کۆمیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانی‌یەکان لە بریتانیا سڵاوێکی گەرمتان لێدەکەین.

هەروەك خۆتان ئاگادارن گەلی کورد بە درێژایی مێژوو لە لایەن دوژمنانی کوردو کوردستانەوە کەوتۆتە بەر هێرش‌و پەلامارو تووشی کارەساتی گەورە هاتووە. بۆیەش هەر چەندین سەرهەڵدان‌و شۆڕشی سیاسی بە مەبەستی پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی دوژمنانی گەلی کورد کە بە بەردەوامی بۆ لەناوبردنی گەلی کورد هەوڵ دەدەن، هاتوونە کایەوە.

شۆڕشگێرانی کوردیش وەك هەموو میللەتانی ژێردەست، تینووی ئازادی‌و سەربەخۆیین‌و بوونەتە سەرقافڵەی خەبات‌و تێکۆشان بۆ هێنانەدی مافەڕەواکانی گەلی کورد.

ئەوا دوازدە ساڵ بەسەر کارەساتێکی دڵتەزێندا تێدەپەڕێ کە بەدەستی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، تۆمار کرا، ئەویش کارەساتی شەهید کردنی چەند تێکۆشەرێکی ماندوویی‌نەناس کە هەموو ساتێك جێگەیان لە خەباتی بێوچانی گەلی کورددا دیارە.

شەهید کردنی سەرکردەی ماندوویی نەناسی وەك شەهید سادقی شەرەفکەندی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران‌و هاورێیانی شەهید فەتتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵان‌و دۆستی حیزبی دیموکراتی کوردستان شەهید نووری دێهکوردی، لە کاتێك‌دا کە لە هەوڵ‌و تەقەلای یەککردنەوەی ماڵی کوردو ڕێکخستنەوەی هێزە سیاسی‌یەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بوون، کارێکی ئەوەندە چەپەڵ بوو کە دەنگی حەق نەیتوانی بێدەنگ بمێنێ. ئەوەبوو کە دادگا ڕەواکەی میکونووس تاوانبارانی بە توندی مەحکووم کردو لە پێناو ئەم بڕیارەش‌دا پێوەندی‌یەکانی حکوومەتی ئاڵمان‌و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ چەند ساڵێك وەستێندران.


ئێمە وەك کومیتەی هاوکاریی حیزبە کوردستانی‌یەکان لە بریتانیا بە دڵێکی پڕلە هۆمێدەوە سوپاسی بێ‌پایانتان دەکەین بۆ ئەو هەوڵ‌و ماندووبوونەتان بۆ ئەو بڕیارەی داوتانە بۆ لابردنی پەردە لەسەر تابلۆیەکی بیرەوەریی ئەو شەهیدە نەمرانە لە ڕۆژی ٢٠ی ئاوریلی ٢٠٠٤دا.

لە کۆتایی‌دا، هەر ئەوەندە دەتوانین بڵێین کە هەر نموونەتان زۆر بێ. ئەم کارەتان بۆتە مایەی ڕێزو پێزانینی هەموو گەلی کورد.

**بە نوێنەرایەتی:**
**پارتی دیموکراتی کوردستان ـ عیراق**
**حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران**
**یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق**
**حیزبی سوسیالیستی دیموکراتی کوردستانی عێراق**
**کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**
**حیزبی سوسیالیستی کوردستان ـ تورکیە**
**حیزبی دیموکراتی یەکیەتیی کورد ـ سووریە**
**حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ـ عێراق**
**حیزبی کومونیستی کوردستان ـ عێراق**

◆◆◆

## نامەی هاودەردیی "بۆیرن یاکوبسن" بۆ سکرتێری گشتیی حیزب



بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە، ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

سڵاو

لەلایەن عارف ئەحمەدی‌یەوە سەبارەت بە بارودۆخی نالەباری کوردەکانی ئێران‌و پێشێلکردنی مافە ئینسانی‌یەکانیان ئاگادار کرام. بەتایبەت سەبارەت بە کارەساتی گیران‌و تەسلیم‌کرانەوەی ٦ کەس لە ئەندامانی حیزبی ئێوە لەلایەن تاقمێك بەناوی "بزووتنەوەی ئیسلامی"یەوە کە لە ساڵی ١٩٩٦ لە کوردستانی عێراقەوە تەحویلی ئێرانە درانەوە.

ئەوپەڕی بێزاریی خۆم دەردەبڕم‌و لێرەدا دەمەوێ لەسەر ئەوە پێ دابگرم کە لە هەر دێموکراسی‌یەکدا کەسایەتی‌یەکان مافی ئەوەیان دەبێ هەبێ کە بە ئازادی بیروڕاو نەزەری خۆیان دەربڕن. من وەك ئەندامێکی پارلمانی نۆروێژ لە لیستی پارتی سۆسیالیستی چەپدا، بەناوی پارتی سۆسیالیستی چەپی نۆروێژ لە پێوەندی لەگەڵ شەهیدبوونی ئەو ٦ تێکۆشەرەدا ئەوپەڕی هاودەردیی خۆم لەگەڵ ئێوەو بنەماڵەکانیان دەردەبڕم‌و بەو بۆنەوە سەرەخۆشیتان لێ‌دەکەم.

**لەگەڵ ڕێزمدا**
**بۆیرن یاکوبسن، ئەندامی پارلمانی نۆروێژ**
**٢٠٠٤/٤/٢٢ ئۆسلۆ**

### خاوێنیی ڕێبازو گەورەیی ئامانجەکانمان

# لە ئاوێنەی تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی میکونووسدا

**قادر وریا**




**"لەم شوێنە، لە ریستورانی میکونووس، لە تاریخی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢دا، ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵان، وێڕای نووری دێهکوردی، سیاسەتمەداری دانیشتووی بێرلین، بە هۆی دەسەڵاتدارانی پێشووی ئێرانەوە کوژران. ئەوان لە خەبات بۆ ئازادیو مافی مرۆڤدا گیانیان دانا".**

ئەمە وەرگێردراوی دەقی ئەو وشەو رستانەیە کە لە سەرتابلۆی بیرەوەریی قوربانییەکانی تیرۆری میکونووس نووسراوە، تابلۆیەك کە رۆژی ٢٠ی ئاوریلی ئەمساڵ، لە شاری بێرلینو بەرامبەر بە ریستورانی میکونووس، لە ڕێورەسمێکی گەورەو سەرنج راکێشدا پەردەی لەسەر لادرا. ئەم دەقە بە زمانی ئاڵمانی نووسراوە. ژمارەی وشەکانی ئەم دەقە ئاڵمانییەو تەنانەت وەرگێڕدراوی کوردی، فارسیو. . .ی دەقەکە ناگەنە پەنجا. بەڵام هەر ئەو چەند وشەیەو نەفسی کارەکە، یانی تەرخانکردنی بەردەنووسێك بۆ ڕێزنان لە یادو بیرەوەریی پۆلێك خەباتگێڕیکوردو ئێرانی، لە ناوەندی شاری بێرلینو لە دڵی وڵاتێکی گرنگی ئورووپاییدا، گرنگیو مانایەکی ئەوەندە گەورە دەبەخشن کە دەربڕینو تیشك خستنە سەریان، دەیان وتارو هەزاران وشە، دەخوازێ.

## ڕێبەرانی شەهیدی کورد سەمبولی تێکۆشان لە پێناوی ئازادیو مافی مرۆڤدا

دوکتور قاسملووی نەمر زۆرجار لە وتووێژەکانی لەگەڵ راگەیەنەگشتییەکانی رۆژئاوادا، گلەیی لەوە دەکرد کە چونکە کوردەکان پەنا بۆ کردەوەی تیرۆریستی نابەن، فڕۆکە نارفێنن، گیانی خەڵکی بێتاوان لە مەترسی ناخەنو بارمتە ناگرن، بە داخەوە، لە رۆژئاوا پەردەی بێدەنگییان بەسەردا کێشراوەو باسیان ناکرێ. ئەوان هەر چونکە خەباتێکی خاوێن، ئوسوولیو ئینسانی بەڕێوە دەبەن، لەگەڵ بایکۆتی خەبەریی راگەیەنەکان بەرەوروون. دوکتور قاسملووو جێنشینە لێوەشاوەکەی، سەرەڕای ئەو راستییە تاڵەی سەردەمی ژیانی خۆیانو لەدوای ئەوانیش ڕێڕەوانو درێژەدەرانی ڕێگاکەیان، لە سەر خەباتی خاوێنو ئوسوولیو ئینسانی بەردەوام مانەوە. چونکە بە قووڵی بڕوایان بەوە هەبوو کە تیرۆرو رەشەکوژی ناتوانێ ڕێگاو ئامرازێکی گونجاو بۆ گەیشتن بە ئامانجە پیرۆزەکانی وەك دێموکراسیو مافی مرۆڤ بن. ئەوان گیانیانو، حیزبی دیموکرات ڕێبەرانیو گەلی کوردو خەڵکی ئێران باشترین خەباتگێڕانی خۆیان لە مەیدانی خەبات لەگەڵ جەهلو کۆنەپەرستیو زۆرداریو تیرۆریزمدا، لەدەست دا، بۆ ئەوەی بتوانن واقیعییەتی "بایەخدانی ناوەندو ئاژانسە خەبەریو تەنانەت سیاسییەکان بە تیرۆریستان" کە لە راستیدا "باجدان" بوو، بە "گرنگیدانی بیروڕای گشتیو بە تایبەتی مرۆڤە بەویژدانەکانو کۆڕو کۆمەڵە دیموکراتو ئازادیخوازەکان بە قوربانییەکانی تیرۆریزمو ڕێگاو ئامانجە پیرۆزەکانیان" بگۆڕن.

دانانی هێمایەکی بیرەوەری بۆ ڕێزنان لە یادی دوکتور سادق شەرەفکەندی، فەتتاح عەبدولی، هومایوون ئەردەڵانو نووری دێهکوردیو، ناوبردنی ئەوان وەك کەسانێك کە گیانیان لە پێناوی ئازادیو مافی مرۆڤدا بەخشیوە، داننانە بە رەواو پیرۆز بوونی ئەو ئامانجانەی ئەوانو هاوسەنگەرانیان خەباتیان لە پێناودا کردوون. ناوبردنی دەسەڵاتدارانی ئێرانیش وەك بکوژانی ئەوان، پەردەلادانە لەسەر نێوەرۆكو ماهییەتی ڕێژیمێك کە ئەو قوربانییانەو حیزبەکەیان، گەلەکەیانو خەڵکی وڵاتەکەیان، سەریان بۆ دانەنواندوەو لە بەرامبەریدا راوەستاون. ئەم ناوبردنو ئاماژانە، واتە شایەدیدان بۆ مرۆڤدۆستی، ئازادیخوازیو بە ناهەقکوژرانی قوربانییەکانو، لەقاودانو ریسواکردنی دوژمنەکەیان، قسەی کەسێك، ناوەندێك یا دەزگایەك نیە کە بۆ دڵخۆشی لایەنێك کردبێتێ. ئەمە پوختەی حوکمێکی مێژوویییە کە دادگای بێرلین پاش سێساڵو نیو لێکۆڵینەوەو کاری بەردەوام، رایگەیاند. هەزاران بەڵگەی بەهێزو زانیاریی وردیش راستیو دروستیی ئەو حوکمەیان سەلماندوە.

ئەو وشانەی لەسەر تابلۆی بەردینی بیرەوەریی شەهیدانی میکونووس هەڵکەنراون، وەدرۆخستنەوەی ئەو ئیددیعا پڕوپووچانەن کە دەسەڵاتدارانی ئێران لە بارەی تیرۆریست بوونی حیزبی دیموکراتەوە دەیانهێننە گۆڕێ. ئەو وشانە شایەدی دەدەن کە ئەگەر لە ئێران ڕێژیمێك لەسەر کارە کە سەرەڕای ئەندامەتی لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانو ناوەندە نێونەتەوەییەکاندا، سەرچاوەی تیرۆریزمی دەوڵەتییە، هێزی سیاسیی ئەوتۆش هەیە کە سەرەڕای دژوارییی هەلومەرجی خەباتەکەیو بەرەوروو بوون لەگەڵ توندترین سەرکوتو توندوتیژی، نموونەیەکی هەرە بەرزی کەلك وەرگرتن لە خەباتی خاوێنو ئوسوولییەو، شایانی ئەوەیە ڕێز لە ئامانجەکانیو یادی قوربانییەکانی بنرێو، مرۆڤایەتیی دیموکراتو عەدالەتپەروەرو ئازادیخواز هاوپێوەندی لەگەڵدا بکا.

## دەرفەتێکی دیکە بۆ هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکراتو گەلی کوردو خەڵکی ئێران

پەردەلادران لەسەر تابلۆی بیرەوەریی شەهیدانی میکونووس جارێکی دیکە رووداوی تاڵی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢ی شاری بێرلینو کوشتاری ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات بە هۆی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوەی لە بیرەوەریی جیهانییەکاندا زیندوو کردەوە. بەم بۆنەیەوە وێڕای وەڕێ کەوتنی شەپۆلێکی تازە لە تەبلیغاتو لەقاودان لەسەر نێوەرۆکی تیرۆریزمی ئەو ڕێژیمە لە راگەیەنەگشتییەکانی جیهاندا، بە دەیان کۆمەڵەو ناوەندوکەسایەتیی سیاسیو مرۆڤدۆستی رۆژئاوا، پشتیوانیی خۆیان لە خەباتی حیزبی دیموکراتو داخوازەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران راگەیاندەوە. سەرنجێك لە پەیامی ئەو کەسایەتییانە کە پشتیوانیو پێشوازیی خۆیان لەو کارە بەنرخەی خاتوو مۆنیکا تیمەن شارەداری ناوچەی شارلوتنبورگی بێرلین راگەیاندوە، دەری دەخا کە ئەوان بە چ ئۆگرییەکەوە دەڕواننە تێکۆشانی حیزبی دیموکرات، خەباتی گەلی کوردو خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیمی تیرۆریستو ئازادیکوژی کۆماری ئیسلامی. قسەکانی ئەوان نیشاندەری ئەو راستییەن کە یادو بیرەوەریی ئەو مرۆڤە مەزنانە کە حیزبی دیموکرات، گەلی کوردو خەڵکی ئێران لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانیانو، لە خەبات لەگەڵ ڕێژیمێکی تیرۆریستو دیکتاتۆردا لە دەستیان داون، لەبیر ناچنەوەو لە ویژدانی مرۆڤایەتیدا بە زیندوویی دەمێننەوە. تەرخانکردنی هێمایەك بۆ بیرەوەریی شەهیدانی پەلاماری تیرۆریستیی ریستورانی میکونووسو ڕێورەسمی پەردەلادان لە سەر ئەو هێمایە دەرفەتێکیش بوو بۆ ئەوەی هەروەك "هانس یواخیم ئێریگ" وەکیلی بنەماڵەی قوربانییەکان لە ڕێورەسمی پەردەلادان دا گوتی، وەبیر بهێنرێتەوە کە ئەوانەی دەستووری تیرۆری دوکتور شەرەفکەندیو هاوڕێیانیان دەرکرد، هەر ئێستاش جڵەوی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیەو ئەگەر لەبەردەنووسەکەدا گوتراوە "بەهۆی دەسەڵاتدارانی ئەوکاتی ئێرانەوە کوژران"، لەژێر فشاری سیاسیدا بووە. دەسەڵاتدارانی ئەو کاتی ئێران هەر ئەوانەن کە ئەمڕۆش بڕیاردەری ئەسڵیی ئەو ڕێژیمەن. ئەوەش داننانە بەو راستییە کە ئەوانەی لە بڕیاری مێژوویی دادگای بێرلیندا وەك جڵەوبەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئاماژەیان پێکراو گوترا کە لە بەرزترین پلەی دەسەڵاتدارەتیدا پلان بۆ لەنێوبردنی نەیارانو موخالیفانی خۆیان دادەڕێژن، هەر لەجێی خۆیانن.

ئەوانەی چەند ساڵ لەمەوبەر بێترسو شەرم لە یاساو سەروەریی وڵاتانو بیروڕای گشتیی جیهان دەستووریان دەدا ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتو تێکۆشەرانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن لە پێتەختەکانی ئورووپا تیرۆر بکرێن، دوای ئەوەش خەڵکی ئێران لە رەوتی رووداوو ئاڵوگۆڕەکانی چەند ساڵی رابردوودا، نەفرەتو بێزاریی خۆیان پێشان دان، هەروا لە دەسەڵات دانو خەریکی تۆڵە ئەستاندنەوە لە ئازادیخوازانو سەرکوتی ئەو دەنگانەن کە لەسەرکارلاچوونی ئەوانیان دەوێ. جوێ نەکردنەوەو جیاوازیدانەنان لە نێوان دەسەڵاتدارانی دوێنێو ئەمڕۆی ئێران، دەری دەخا کە هیچ ئاڵوگۆڕێك لە دەسەڵاتی سیاسیو دەسەڵاتدارانی ئێراندا پێك نەهاتوەو ئەوانەی ئەمڕۆ فەرمانڕەوای ئەو ڕێژیمەن جگە لەوەی هەموو بەرپرسایەتییەکی دەسەڵاتدارانی پێشوویان لەسەر شانە، هەر لەجێدا، نەگۆڕاونو کەسی دیکە نەهاتۆتە جێگایان. نەك هەر خامەنەییو رەفسەنجانی، وەك رابردوو ئێستاش لە پشت هەموو تاوانو جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمەوەن، بەڵکوو زۆر لەو فەرماندەرو بەرپرسو مۆرە گرنگانەی کە دەزگای تیرۆرو جاسووسیی کۆماری ئیسلامییان لە پێشوودا بەڕێوە دەبرد، هەر ئێستاش درێژە بەکاری خۆیان دەدەن. جیاوازیدانەنان لە نێوان دەسەڵاتدارانی دوێنێو ئەمڕۆی ڕێژیمی ئێران لە نەفسی خۆیدا، سەلماندنی راستییەکی دیکەشە. ئەویش لێك جیانەبوونی ماهییەتی کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، لەو تاوانو جینایەتانە کە لەنێوخۆی وڵاتدا، دژی تێکۆشەرانو ئازادیخوازان ئەنجامی داونو ئێستاش درێژەیان پێدەدا. تیرۆر، سەرکوتو لەنێوبردنی فیزیکیی موخالیفان، لە دەرەوەو ژوورەوەی وڵات، ریشەیان لە ماهییەتی کۆنەپەرستانە، دژیئینسانیو ناتەبا لەگەڵ هەموو مافو ئازادییە ئینسانییەکانی ئەو ڕێژیمەدایەو بە تێپەڕینی زەمانو گۆڕانی هەلومەرجەکان، ئەو ماهییەتە، گۆڕانی بەسەردا نایە. تەنیا بە فڕێدانی بۆ نێو زبڵدانی مێژووو جێگرتنەوەی بە دەسەڵاتێك کە هەڵقوڵاو لە بڕیارو دەنگی ئازادانەی گەلانی ئێران بێ، ئەم ماکەیەی تیرۆرو سەرکوتو تاوان، کۆتایی پێدێ.

## دژکردەوەی کۆماری ئیسلامییو دەرخستنی بێئابڕوویی خۆی بە "باشترین شێوە"

"تیرۆری میکونووس" لەنێو هەموو کردەوە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا، جێگایەکی تایبەتی هەیە. ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە ئەگەر لەسەرەتادا بەوە زۆر دڵشادو سەرمەست بوون کە توانیویانە سەرکەوتووانە ئەو تیرۆرەش بەڕێوە بەرن، دواتر لە ئاکامی پێداگریی دەزگای قەزایی ئاڵمان لەسەر پرەنسیپەکانی سەربەخۆیی خۆی، بە هەوڵو هیممەتی قازیو وەکیلو شاهیدە ئازاو ئەرکناسەکان لە رەوتی لێکۆڵینەوە لە پەروەندەی ئەو تیرۆرەدا، ئاکامەکانی "تیرۆری میکونووس" بۆ ئەو ڕێژیمە بوو بە تاڵترین بیرەوەری. چونکە بە هۆی حوکمی مێژوویی دادگای بێرلین لە پێوەندی لەگەڵ ئەو تیرۆرەدا، ریسواییو بەدناویی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی چووە ئاستێکی جیهانی. هەربۆیە لە زستانی رابردووەوە کە هەواڵی دروستکردنی تابلۆیەك بۆ ڕێزگرتن لە یادی قوربانییەکانی تیرۆری میکونووسو پەردەلادران لەسەر ئەو تابلۆیە لە ڕێورەسمێکی تایبەتیدا بە گوێی "دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆ"ی ئەو ڕێژیمە گەیشت، کێچ کەوتە کەولیانو لە ڕێگای دیپلۆماسییەوەو شانتاژی ئابڕووبەرانەو هەڕەشەی سیاسییەوە هەوڵیان دا، پێشی ئەو هەنگاوە پیرۆزە بگرن. بەڵام بەو کردەوانەیان نەك هەر نەیانتوانی پارلمانی ئەیالەتیو شارداری ناوچەی "شارلوتنبرگ"ی بێرلین لە بەجێگەیاندنی پرۆژەکەیان، سارد بکەنەوە، بەڵکوو کۆمەگیان بەوە کرد کە مەسەلەی پەردەلادان لەسەر تابلۆی بیرەوەریی قوربانییەکانی تیرۆری میکونووس، زۆر زیاتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا، سەرنجی راگەیەنەگشتییەکانو ناوەندە سیاسییەکان رابکێشێ. خانمی "مونیکا تیمەن" لە ڕێورەسمی پەردەلادان دا گوتی: "لەو ناوچەیەی ئێمە ٣٠٠ تابلۆی بیرەوەری هەیە. بەڵام ئەمەیان لە هەموویان پتر کێشە خولقێن بوو. هۆیەکەشی ماهییەتی رووداوی میکونووس بوو کە تیرۆریزمی دەوڵەتیی لە پشتەوە بوو".

هەڕەشەی شارەداری تارانیش لە دەوڵەتی ئاڵمان، لەو دژکردەوانەی کۆماری ئیسلامی بوو کە جگە لە ئابڕووبردنی پتری ئەو ڕێژیمە، هیچ ئاکامێکی دیکەیان نەبوو. "احمدی نژاد" شارەداری تاران کە بۆخۆی دەستی هەبووە لە تیرۆری دوکتور "کازم سامی"دا، هەڕەشەی کرد کە ئەگەر شارەداری بێرلینو دەوڵەتی ئاڵمان، تابلۆ بۆ بیرەوەریی قوربانییەکانی تیرۆری ریستورانی میکونووس دابنێن، ئەویش لە تاران تابلۆی بیرەوەریی قوربانییەکانی چەکە شیمیاییەکان دادەنێو ناوی ئەو کۆمپانیا ئاڵمانییانەیان لەسەر دەنووسێ کە چەکی شیمیاییان داوە بە ڕێژیمی سەددام حوسێن. هەر ئەم هەڕەشەیەو ئەو جۆرە دڵسۆزییە بۆ قوربانییەکانی چەکە شیمیاییەکان دەری دەخا کە بەپەرۆش بوونی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوان چەندە رواڵەتیو بە درۆیە. ڕێبەرانی ئەو ڕێژیمە تەنیا لەو جۆرە کاتانەدا ئەو قوربانییانەیان وەبیر دێتەوە، ئەویش بۆ ئەوەی سەوداو موعامەلە بە مەسەلەکەیانەوە بکەن. ئەگینا بۆ تا ئێستا ئەو کارەیان نەدەکرد. یا ئەگەر بەڕاستی پێویستە تابلۆیەك بۆ قوربانییەکانی چەکی شیمیایی لە تاران دروست بکرێ، بۆچی بە تابلۆی قوربانییەکانی تیرۆری میکونووسیان بەستۆتەوە؟

دەبێ هیواداری دەربڕین کە شارەداری تاران لەو بڕیارەی پەشیمان نەبێتەوەو تابلۆیەك بۆ قوربانییەکانی چەکی شیمیایی لە باشترین شوێنی تاران دروست بکا، چونکە دڵنیاین ئەو تابلۆیە بەرلەوەی ئەو قوربانییانە وەبیر خەڵك بێنێتەوە، شەهیدانی تیرۆری میکونووسو ریسوا بوونی ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران لەسەر ئەو تیرۆرە، وەبیر بینەرانی دێنێتەوە. چونکە ئەگەر لە بێرلین تابلۆیەك بۆ یادی قوربانییەکانی تیرۆری میکونووس دانەنرابا، لەتارانیش کارێکی لەم چەشنە بۆ قوربانییەکانی چەکی شیمیایی نەدەکرا!

◆◆◆

# هەواڵەکانی کوردستان

## سەردەشت

### کوژرانی لاوێکی سەردەشتی بە دەستی هێزەکانی ڕێژیم

ڕۆژی یەکشەممۆ ١٣٨٣/١/٣٠ی هەتاوی، لاوێکی تەمەن ٢٣ ساڵە، بە ناوی رزگار خزری خەڵکی سەردەشت، لە کاتێکدا بە ماشین بەرەو شاری مەهاباد دەچوو لە نزیک گوندی "بناوێلی" دەکەوێتە کەمینی هێزە ئینتیزامی‌یەکانی ڕێژیمەوەو تەقەی لێ دەکرێ. رزگار بە مەبەستی خۆدەربازکردن رادەکا، بەڵام، لە پشتەوەڕا دەدرێتە بەر دەستڕێژو گیانی لێ دەستێندرێ. هێزەکانی ڕێژیم بۆ پێشگرتن لە نارەزایەتیی خەڵك‌و شێوانی شار، تەرمی رزگاریان بردە ورمێ‌و بە بنەماڵەکەیان راگەیاند بە مەرجێ تەرمەکەیان تەحویل دەداتەوە کە بە شەو بە خاکی بسپێرن. پاش ئەو ڕووداوە ڕێژیم ژمارەیەکی زۆر لە هێزە دژی شۆڕشەکانی لە سەردەشت خزاندوە.

* ڕۆژی هەینی ١٣٨٣/٢/٤ی هەتاوی، کچێکی تەمەن ١٩ ساڵە بە ناوی زارا سولەیمانپەنا، کچی سولەیمان خەڵکی ئاوایی "باوێ" لە ناوچەی سەردەشت لە کاتێکدا لە کوێستانی "بولفەت" خەریکی کنگر هەڵکەندن بوو، کەوتە سەر مین‌و بە توندی بریندار بوو. ناوبراو بۆ نەخۆشخانەی ورمێ بەڕێ‌کراوەو بەداخەوە چاوی لەدەست داوە.

## سوومار

ڕۆژی ٢٣ی خاکەلێوەی ١٣٨٣ی هەتاوی، لە پادگانی ئاموزشی سوومار لە کاتێکدا کە ژمارەیەك سەربازو دەرەجەداری کوردو سوننی بە جەماعەت نوێژیان دەکرد، لەلایەن سەربازێکی فارس درانە بەر دەستڕێژو ١٢ کەسیان لێ شەهید کرا. ٣ کەس لەو ١٢ کەسە خەڵکی دەوروبەری شاری سنە بوون‌و یەکیان بە ناوی مەسعوود شیرازی، کوڕی عەبدوڵڵا، خەڵکی سرنجیانە، شناسایی کراوە.

## مەریوان

ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ، زیاتر لە ١٩٠٠کەس لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی مەریوان بۆ زیادکردنی موچەی مانگانە، مانیان گرت. قوتابیانیی هەموو قوتابخانەکانی شار بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە داوای مامۆستاکانیان قوتابخانەکانیان تەعتیل کرد.

## سەقز

ڕۆژی چوارشەممۆ ٥ی بانەمەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی، لاوێك بە ناوی فەرهاد شەریفی کە خاوەنی چەکێك بوو، لەلایەن بابییەوە بە تفەنگەوە دەبردرێتە ئیتلاعاتی سەقز بۆ ئەوەی تفەنگەکەی تەحویلی ئیتلاعات بدا. لە ئیتلاعات چەکەکە لە فەرهاد وەردەگیرێتەوە، بەڵام لەوێ زیندانی دەکەن. بۆ ڕۆژی دواتر باوکی فەرهاد کە هۆی سەرەکی تەحویلدانەوەی چەکەکە بوو، بانگ دەکرێتە ئیتلاعات بۆ ئەوەی جەنازەی کوڕەکەی وەربگرێتەوە. دژی گەلی‌یەکان هەر ئەو ڕۆژە کە فەرهاد زیندانی دەکەن، بۆ شەوێڕا ئێعدامی دەکەن.

## پیرانشار

ڕۆژی سێشەممۆ ١ی بانەمەڕ، بە کرێگیراوانی ڕێژیم لە ئاوایی "زەنگاوێ" لە ناوچەی پیرانشار، ژمارەیەك کاسبکاریان دایە بەر لێدان‌و ئازاردان‌و ژمارەیەکیشیان لێ‌دەستگیر کردن کە تا گەیشتنی ئەم هەواڵە هەروا لە زیندان دان.

## شنۆ

ڕۆژی ٢٩ی خاکەلێوە، کاسبکارێك بە ناوی عومەر، کوڕی حاجی رەسووڵ شورمات محەممەدی، خەڵکی گوندی "نەڵۆس"ی ناوچەی شنۆ، کە بە مەبەستی کاروکاسبی چووبوو بۆ سنووری حاجی عومەران‌و دەگەڵ کاروانێك کەوتبوو، بە هۆی هێزەکانی ڕێژیمەوە گیانی لەدەست دا.

❊ ❊ ❊

---

# بەیاننامە:

## بزووتنەوەی ئیسلامی دەبێ سەرگوزەشتەی تەحویلدانەوەی ٧ تێکۆشەری دێموکرات بە کاربەدەستانی ئێرانی، ئاشکرا بکا

**بەرێز مامۆستا عەلی عەبدولعەزیز رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق!**

**بەڕێزان ئەندامانی شووارای مەرکەزیی بزووتنەوە!**

رەوەندی کورد لە دەورەوەی وڵات، بە جۆرێك لە سەرسووڕمان‌و حەپەساوی‌یەوە، هەواڵی تەحویلدانەوەی (٧ پ. م)ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی، لە لایەن حیزبی ئێوەوە بە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌و، پاشان ئێعدام کردنیان لە لایەن ڕێژیی ئێرانەوە پێ‌گەیشت.

بە گوێرەی بەیاننامەیەك کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە ١٤ی ئاوریلی ٢٠٠٤دا بڵاوی کردۆتەوە، شەوی ١٩ـ٢٠ /١٠/ ١٩٩٦ حیزبەکەتان، بە پێچەوانەی هەموو دابونەریتێکی ئیسلامی، مرۆیی‌و کۆمەڵایەتی، حەوت پێشمەرگەی ئەو حیزبە، کە بۆ حەوانەوە لایان داوەتە لای بارەگایەکتان لە نزیك شاری هەڵەبجەی شەهید، چەکدارەکانی ئێوە لە باتی حەواندنەوەو داڵدەدانیان، دەست‌و چاویان بەستوون‌و تەحویلی کاربەدەستانی ئێرانیان داون.

ئەگەر ئێوە هەتا ئێستا نەهیتان کردبێ لەوەی کە دەستتان لە بێ‌سەروشوێن کردنی ئەو پۆلە پێشمەرگەیەدا هەبێ، ئێستا ئیتر ناتوانن لەوە زیاتر بیشارنەوە، چونکە باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لەندەن، لە نامەی ٢٠٠٤/٣/٢٩ی‌دا بۆ بەڕێز (جێرمی کۆربین)ی جێگری سەرۆکی گرووپی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا، بزووتنەوەی ئیسلامیی کردوە بە تەرەف لەو کێشەیەدا.

ئێمە دەزانین لە پاش ئەو مێژووەوە بزووتنەوەی ئیسلامی، چەند باڵ‌و لقی تری لێ‌جیا بۆتەوە. ناوی تریان لە خۆیاننـاوەو، رەنگە ئەوانە دەستیان هەبووبێ لەو تاوانەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا بە تەنیا باڵەکەی ئێوە بە ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق، ماوەتەوە، ئەوا لە رووی قانوونی‌یەوە ئێوە مەسئولن لە هەموو میراتی‌یەکانی ئەو حیزبە. ئێستا ئێمە، ئەو ڕێکخراوە کوردی‌و ناکوردییانەی لە خوارەوە ئیمزامان کردوە، داواتان لێ‌دەکەین کە:

١ـ تەواوی سەرگوزەشتەی تەحویلدانەوەی ئەم ٧ پێشمەرگەیە (ئەرشەد رەزایی، محەممەدعەزیز قادری، یونس محەممەدپوور، داریووش ئیسلامدوست، عەدنان ئیسماعیلی، مزەفەر کازمی‌و مەعرووف سوهرابی) بۆ رای گشتی ئاشکرا بکەن.

٢ـ ناوی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانەو لێپرسراوی یەکەم لێی ئاشکرا بکەن.

٣ـ بەیاننامەیەك دەربکەن‌و تیایدا تاوانەکە ریسواو شەرمەزار بکەن.

٤ـ خوێنی شەهیدەکان بدەن بە کەسوکارو خانەوادەیان.

هەروەها داوا لە ڕێکخراوو کۆمەڵە دیموکراتی‌و جەماوەری‌یەکانی باشووری کوردستانیش دەکەین کە پشتیوانی ئەم داوایانەمان بن‌و، ئیمزای خۆیانی لێ‌بدەن.

ئێمە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم بەیاننامەیەوە (٢٠٠٤/٤/٢٢) هەتا یەك مانگی تەواو چاوەڕوانی هەڵوێستی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەبین. ئەگەر هیچ کاردانەوەیەکتان لە خۆتان نیشان نەدا، گوشارمان توندتر ئەکەین. واز ناهێنین هەتا راستی‌یەکان بۆ جەماوەری کوردستان‌و جیهان ئاشکرا ئەکەن. چاوەڕوانی وەڵام‌و هەڵوێستتانین.

ناوی لایەن‌و ڕێکخراوەکان

١ـ ناوەندی هەڵەبجە لە دژی ئەنفال‌و جینۆسایدی کورد ـ هولەند

٢ـ سندووقی منداڵانی شەهیدانی کوردستانی باشوور ـ هولەند

٣ـ کۆمەڵەی زیندانیی‌یە سیاسی‌یەکانی کورد ـ هولەند

٤ـ مەڵبەندی کەلتووری کورد لە دەنهاخ ـ هولەند

٥ـ کۆمەڵەی کورد لە شاری فلاردینگن ـ هولەند

٦ـ فیدراسیۆنی کوردەکان ـ هولەند

٧ـ "راە کارگر" شاخەی هولەند

٨ـ سایتی مەهاباد

٩ـ گۆڤاری سپیتر

١٠ـ سەنتەری رۆشنبیرانی پێشکەوتنخوازی کوردستان ـ هولەند

١١ـ دەزگای رۆژنامەنووسان‌و هونەرمەندانی ئوترێخت ـ هولەند

١٢ـ سەنتەری کەلتووری نەورۆز لە لایدن ـ هولەند

١٣ـ کۆمەڵەی دۆستایەتیی ـ کوردی هولەندی لە دەنهاخ ـ هولەند

١٤ـ کۆمەڵەی دۆستایەتی ـ کوردی هولەندی لە سخیدام ـ هولەند

١٥ـ کۆمەڵەی مافی مرۆڤی کوردستان ـ هولەند

١٦ـ یانەی کوردی لە هۆڵەندە "میدیا" ـ هولەند

١٧ـ یانەی کوردی لە ئەمستردام "میدیا" ـ هولەند

١٨ـ یانەی کوردی لە ئوتریخت "میدیا" ـ هولەند

١٩ـ یانەی کوردی لە لیواردن "میدیا" ـ هولەند

٢٠ـ یانەی کوردی لەئینسخیدەی "میدیا" ـ هولەند

٢١ـ یانەی کوردی لە دێڵفت "میدیا" ـ هولەند

٢٢ـ یانەی کوردی لە رۆتردام "میدیا"ـ هولەند

٢٣ـ یانەی کوردی لە خرنینگن "میدیا"ـ هولەند

٢٤ـ یانەی کوردی لە هینگلو "میدیا"ـ هولەند

٢٥ـ ئەنجومەنی گەنجانی "میدیا" لە هولەند

٢٦ـئەنجومەنی گەنجانی "میدیا" لە ئەمستردام ـ هولەند

٢٧ـ ئەنجومەنی گەنجانی "میدیا" لە دێڵفت ـ هولەند

٢٨ـ ئەنجومەنی گەنجانی "میدیا" لە دەنهاخ ـ هولەند

٢٩ـ ئەنجومەنی گەنجانی "میدیا" لە رۆتردام ـ هولەند

٣٠ـ ئەنجومەنی ژنانی "میدیا" لە هولەند

٣١ـ ئەنجومەنی ژنانی "میدیا" لە ئەمستردام ـ هولەند

٣٢ـ ئەنجومەنی ژنانی "میدیا" لە دێڵفت ـ هولەند

٣٣ـ ئەنجومەنی ژنانی "میدیا" لە ئینشخیدەی ـ هولەند

٣٤ـ ئەنجومەنی ژنانی "میدیا" لەرۆتردام ـ هولەند

٣٥ـ کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان (هولەند)

◆◆◆

---

# راگەیەندراوی هاوبەش

## ئێعدامی ٦ تێکۆشەری کورد، بەدەستی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەین

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە دەرکردنی بەیاننامەیەك لە ڕێکەوتی ٢٦ی خاکەلێوەی ١٣٨٣دا پەردە لەسەر جینایەتێکی سامناکی دیکەی کۆماری ئیسلامی هەڵدایەوە. بە پێی ئەو بەیاننامەیە، چەکدارەکانی "بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق" لە ٢٨ی خەزەڵوەری ١٣٧٥ لە نزیك شاری هەڵەبجە، ٧ کەس لە تێکۆشەرانی کورد کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، دەستبەسەری کردن‌و تەسلیمی ڕێژیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردوونەوە. یەکێ لە خەباتکارەکان توانیبووی لەو داوە رزگار ببێ، بەڵام شەش کەسەکەی دی، بەناوەکانی: ئەرشەد رەزایی، محەممەد عەزیز قادری، یوونس محەممەدپوور، عەدنان ئیسماعیلی، موزەفەر کازمی‌و مەعرووف سوهرابی، دوای چەندین هەفتە ئازارو ئەشکەنجە، بەبێ دادگاییکردن ئێعدام کراون.

ئێمە، پیلانگێڕیی هاوبەش‌و شەرمەزای "بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق" لە تەك کۆماری ئیسلامی‌دا مەحکووم دەکەین‌و داوا لە هەموو حیزب‌و ڕێکخراوە ئازادیخوازو پێشکەوتنخوازەکانی عێراق دەکەین کە ئەو ڕێکخراوە بەهۆی هاوکاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا مەحکووم بکەن. کۆماری ئیسلامی نەزۆکانە هەوڵ دەدا کە خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران لە پێناوی ئازادی‌و دەستەبەرکردنی مافی نەتەوایەتی، بەربەست بکا. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە خەباتی یەکگرتوو بە مەبەستی رووخاندنی کۆماری ئیسلامی، ئامانجێکە کە دەبێ هەموو حیزب‌و ڕێکخراوە پێشکەوتنخوازەکان‌و مرۆڤە ئازادیخوازەکان، بۆ گەیشتن پێی ماندوویی‌نەناسانە بۆی تێ‌بکۆشن.

لە هەلومەرجێکدا کە ڕێژیی کۆماری ئیسلامی، بەهۆی تەحریمی بەربڵاوی هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی حەوتەم، بەتایبەت لە کوردستاندا، هیچ رەوایی‌و پێگەیەکی نەماوەو لە هەلومەرجێکدا کە هاوپێوەندی‌و شادی دەربڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران، بەهۆی بەڕەسمی ناسرانی مافە نەتەوایەتی‌یەکانی خەڵکی کوردستانی عێراق لە قانوونی بنەڕەتیی ئەو وڵاتەدا، تووڕەیی دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامیی لێ‌کەوتۆتەوە، گرتنی بەربڵاوی خەڵکی کوردستان بۆ جارێکی دیکە بۆتە بەرنامەی سەرەکیی هێزە ئەمنییەتی‌یەکانی ڕێژیی کۆماری ئیسلامی. لە وەها هەلومەرجێکدا، ئەگەری تۆڵە ئەستاندنەوە لە دەستگیرکراوەکان‌و زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان بۆتە مەترسی‌یەکی راستەقینە کە بەرپەرچدانەوەی، پێویستی بە وشیاریی هەموو ئازادیخوازان هەیە.

ئێمە وێڕای دەربڕینی نیگەرانیی قووڵی خۆمان، سەبارەت بە چارەنووسی دەستگیرکراوەکان‌و زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانی کوردستان‌و، هەروەها دەربڕینی هەستی هاوپێوەندی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، هاودەردیی قووڵی خۆمان لەگەڵ خێزانی گیانبەختکردوەکان، ئەندامان، کادرەکان‌و ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبەدا دەردەبڕین.

**بەرزو پیرۆز بێ یادی هەموو شەهیدانی گەلی کورد**

**ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران**
**شوورای ناوەندیی ڕێکخراوی فیدائیانی گەلی ئێران (ئەکسەرییەت)**
**کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕێگای کارگەر)**
**ڕێکخراوی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران ـ کۆمەڵە**

٣١ی خاکەلێوەی ١٣٨٣
(١٩ی ئاوریلی ٢٠٠٤)

# نامەی سەفارەتی کۆماری ئیسلامی لە بریتانیا بۆ "جێریمی کۆربین"

سەفارەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران

**بسمەتعالی**

**جەنابی ئاغی جێریمی کۆربین، جێگری سەرۆکی مافی مرۆڤی پارلمان!**

**لەندەن، ٢٩ی مارسی ٢٠٠٤**

جەنابی ئاغای کۆربین!

لە پێوەندی لەگەڵ نامەی رۆژی ١١ی سێپتامبری ٢٠٠٣ کە لەودا لە پێوەندی لەگەڵ چارەنووسی ٦ کەس لە ئەندامانی حیزبی نایاسایی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسیارت کردبوو، ئاگادارت دەکەین کە مەسەلەکەمان لەگەڵ بەرپرسانی پێوەندیدار لە ئێران هێنایە گۆڕێو ئەو زانیارییانەی خوارەوەمان وەرگرتوە:


لە ئۆکتۆبری ١٩٩٢، تیمێکی تیرۆریستی پێکهاتوو لە ٧ کەس لە ئەندامانی حیزبی نایاسایی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە رێگای سنووری هاوبەش لەگەڵ عێراقەوە چوونە ناوچەی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران. ناوی ئەو ٧ کەسە بریتی‌یە لە: عەدنان ئیسماعیلی، موزەفەر کازمی، یوونس محەممەدپوور، محەممەد عەزیز قادری، ئەرشەد رەزایی‌و مەعرووف سوهرابی‌و داریووش ئیسلامدوست.

بەدوای کردەوەیەکی تیرۆریستی لەلایەن ئەو تیمەوە کە بوو بەهۆی کوژرانی غولامی مەعازی کە پیاوێکی "بازنشستە"ی سوپای پاسدارانی ئینقلاب بوو، ناوبراوان لە حاڵی گەڕانەوە بۆ بنکەکانی خۆیان لە باکووری عێراق لەگەڵ هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان تووشی شەڕو تێکهەڵچوونی چەکدارانە هاتن. لەو شەڕو دەرگیری‌یەدا ٦ کەسی ئەو تاقمە کوژران‌و یەکێك لەوان، داریووش ئیسلامدووست، لەلایەن ئەفرادی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانەوە بە دیل گیرا.

پاش دەخالەتی عەبدولکەریمی جەلالی، یەکێك لە رێبەرانی ئێستای حیزبی نایاسایی ناوبراوو هەروەها دەخالەتێکی زیاتر لەلایەن محەممەد محەممەد سەعید کە یەکێك لە ئامۆزا یا خاڵۆزاکانی داریووشە، سەرئەنجام ناوبراو لە بازداشتی بزووتنەوەی ئیسلامی ئازاد بوو. بە پێی زانیاری، داریووش ئیسلامدوست ئێستا لە سوئێد دەژی‌و یەکێکە لە ئەندامانی چالاکی حیزبی نایاسایی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

**لەگەڵ رێزماندا**

**مرتضی سرمدی سفیر کبیر**



FROM : CAPITAL DESIGN PHONE NO. : 02007401489 Apr. 28 2004 06:51PM P01

Embassy of the
Islamic Republic of Iran

In the Name of the Almighty

The Rt. Hon. Jeremy Corbyn MP
Vice-Chair, Parliamentary Human Rights Group
[illegible] Road
London
N5 2LL

29 March 2004

Dear Mr Corbyn

I refer you to letter of 11 November 2003 concerning your inquiry about the situation of six members of the banned Kurdistan Democratic Party of Iran. The matter was communicated to the relevant authorities in Iran and the following information was received by this embassy.

In October 1996 a terrorist team comprising seven members of the banned Kurdistan Democratic Party of Iran entered the territory of the Islamic Republic of Iran via our common borders with Iraq. The names of the seven are as follows: Adnan Esmaeili, Mozaffar Kazemi, Yunis Mohammadpour, Mohammad Aziz Ghaderi, Arshad Rezaie, Maaroof Sohrabi, and Daryoush Eslamdoost

Following a terrorist operation by this team that caused the death of Gholam Moazi, a retired man from the personnel of the Islamic Revolutionary Guards, they were engaged in a gun battle with the forces of the Islamic Movement of Kurdistan while returning to their bases in northern Iraq. In this gun battle six members of the team were killed and one man, Daryoush Eslamdoost was captured by the members of the Islamic Movement of Kurdistan.

After interventions and follow-up by Abdolkarim Jalali, one of the present leaders of this outlaw group, and further interventions by Mohammad Mohammadsaid, who is one of the in-laws of Daryoush, he was ultimately freed from the detention of the Islamic Movement of Kurdistan. According to information available to us Daryoush Eslamdoost is presently residing in Sweden and is an active member of the banned Kurdistan Democratic Party of Iran.

Sincerely yours,

Morteza Sarmadi
Ambassador

[illegible]

# نامەی باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە بریتانیا بۆ بەڕێز "جێریمی کۆربین"و چەند قسەیەك

پاش هەوڵێکی زۆری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ روونبوونەوەی چارەنووسی ٦ تێکۆشەری دێموکرات کە ٧ ساڵ لەوەپێش لەلایەن چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقەوە دەستگیرو تەحویلی کۆماری ئیسلامی درانەوە، پاش ئەوەی سکرتێری گشتیی حیزب بەنامە داوای لە سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و سەدان کەسایەتیی نێونەتەوەیی کرد، بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بخەنە ژێر فشار تا راستی‌یەکانی پێوەندیدار بە چارەنووسی ئەو شەش تێکۆشەرە ئاشکرا بکا، سەرەئەنجام رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە رێگای سەفیری خۆی لە بریتانیاو لە وەڵامی نامەی بەڕێز "جێرمی کۆربین" جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا، پەردەی لەسەر گۆشەیەکی بچووکی ئەو مەسەلەیە ـ ئەویش بە تێکەڵاوکردن لەگەڵ کۆمەڵێك درۆو ناڕاستی ـ هەڵدایەوەو رایگەیاند کە ئەو ٧ کەسە پاش گەڕانەوە بۆ کوردستانی ئێران، مۆرەیەکی "خانەنشین"ی سوپای پاسدارانیان بەناوی "غولامی مەعازی" کوشتوەو لە گەڕانەوەدا بۆ بنکەکانی خۆیان لە سنووری کوردستانی عێراق، لەگەڵ هێزەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقدا تووشی شەڕو تێکهەڵچوون هاتوون‌و شەش کەسیان لێ کوژراوەو یەکیشیان لەلایەن ئەو هێزەوە بەدیل گیراوە کە پاشان بەهۆی خزم‌و کەسانی خۆیەوە ئازاد کراوە.

لەو پێوەندی‌یەدا پێویستە بگوترێ کە کۆماری ئیسلامیی ئێران کە درۆو ناڕاستی تێکەڵاوی جەوهەرو بوونی بووە، لەو پێوەندی‌یەش‌دا کۆمەڵێك قسەی دوور لە راستی‌و پاکانە کەرانەی دەرخواردی بیرورای گشتی داوە.

باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە بریتانیا "مورتەزا سەرمەدی" لە نامەکەی‌دا بۆ ئاغای جێرمی کۆربین باس لە کوژرانی مۆرەیەکی خانەنشینی سوپای پاسداران، بە دەست ئەو ٧ تێکۆشەرەی حیزب دەکا، لە حاڵێکدا کوژرانی ئەو کەسە زۆر پێشتر لە حزووری ئەو تێکۆشەرانە لە کوردستانی ئێران رووی داوە کە بۆ کاری تەبلیغی‌و رێکخراوەیی لە ناوچەدا بوون. بێجگە لەوە ئەو تێکۆشەرانە لەماوەی ١٥ رۆژ مانەوە لە ناوچەدا بەشاهیدی هەموو خەڵکی ئەو ناوچانەی کە ئەو ٧ تێکۆشەرە هەڵسووڕانی تەبلیغاتیان تێدا لەگەڵ هیچ هێزێکی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا تووشی شەڕو دەرگیری نەبوون، نە کەسیان لێ کوژراوە، نە ناچار بە کوشتنی کەس بوون.

باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە بریتانیا لە نامەکەی‌دا ئیددیعا دەکا کە ئەو ٧ تێکۆشەرە لە گەڕانەوەدا لەگەڵ چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق تووشی شەڕو دەرگیری بوون‌و ٦ کەسیان لێ‌کوژراوەو یەکیان بەدیل گیراوە. لەو پێوەندی‌یەش‌دا دەبێ بگوترێ کە ئەوە ئیددیعایەکی بەتەواوی ناڕاستە، چونکە ئەو ٧ تێکۆشەرە لە نزیك شاری هەڵەبجە بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە دەیانزانی هیچ گرژی‌و ئاڵۆزی‌یەك لە نێوان حیزبی دێموکرات‌و بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراقدا نەبووە، بەشێوەیەکی ئاسایی لەگەڵ چەکدارەکانی ئەو بزووتنەوەیە کەوتوونە چاك‌وخۆشی‌و لەسەر داوای ئەوان چوونە بنکەکەیان‌و قەت پێیان وانەبووە کە دەرهەق بەوان نییەتێکی خەراپ لەگۆڕێدایە، تا ئەو کاتەی کە یەك یەك بانگ کراونە دەرو چەند کەس ئامبازیان بوون‌و دەست‌و چاویان بەستوون‌و لە ماشینێکیان هاویشتون، ئەوکات تێگەیشتوون کە چ پیلانێکی ناجوامێرانەیان بۆ گێڕاون. پاش دوو کاتژمێر رێگاڕۆیشتن بە ماشین‌و تەحویلدانیان بە ماشینێکی دیکە کە سەرنشینەکانی بەفارسی دواون، بۆیان دەرکەوتووە کە دەبێ بەرەو ئێران وەڕێ خرابن. پاش گەیشتنە شوێن مەبەستی ئینسان رفێنەکان‌و دانە بەر لێدان‌و کوتانیان‌و ئەو دەسماڵەی کە چاوی داریووش ئیسلامدوست ـ تەنیا کەسێك کە لە زیندوویی لەو پیلانە رزگاری بووە ـ دەکەوێتە خوار، بۆیان روون دەبێتەوە کە لە ئیدارەی ئیتلاعاتی پاوەن‌و تەحویلی کۆماری ئیسلامی دراونەوە. لەوە بەولاوەتر چ ئەو کات‌و چ ئێستا بزووتنەوەی ئیسلامی، هەرگیز لە تێکهەڵچوونی ئەو تێکۆشەرانە لەگەڵ هێزەکانی خۆی نەدواوەو لە ماوەی ئەو حەوت ساڵەدا شتێکی رانەگەیاندوە.

خاڵێکی دیکەی جێگای لێوردبوونەوە ئەوەیە کە جەنابی سەفیر دەڵێ، داریووش ئیسلامدوست بەهۆی چەکدارەکانی بزووتنەوەوە بەدیل گیراوەو دوایە بە دەخالەتی خزمانی ئازاد کراوە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لەکاتی بوونی کاك داریووش لە زینداندا، داوای لێ‌دەکا بۆ زەربەلێدان لە حیزبی دێموکرات هاوکاریی بکا کە ئەویش بەڕواڵەت‌و بۆ رزگاربوونی خۆی قبوولی دەکاو هەر بۆ ئەو مەبەستەش دەیگێڕنەوە شاری سلێمانی لە کوردستانی عێراق‌و بنکەی ئیتلاعاتی رێژیم لەو شارەو بەرنامەی تیرۆری ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب "شەهید مەنسوور فەتتاحی" کە ئەوکات بەرپرسی کۆمیتەی پاوەی حیزب بوو، لەگەڵ دێننە گۆڕێ، هاودەستەکانی پێ دەناسێنن‌و کەرەسەی ئەنجامدانی ئەو تیرۆرەی بۆ دابین دەکەن، بەڵام کاك داریووش‌و یەکێك لە دۆستەکانی پێش ئەنجامدانی کارەکە حیزبی دێموکرات لەو پیلانەی رێژیم‌و هاوکاریی رواڵەتیی خۆیان ئاگادار دەکەن‌و لەگەڵ هاوڕێیانی حیزبی بەرنامەیەکی وادادەرێژن کە بە رواڵەت بۆ ئەنجامدانی پیلانەکەو لەڕاستی‌دا بۆ رزگاربوونی کاك داریووش بوو، بەم جۆرە کاك داریووش رزگار دەبێ کە بە خۆشی‌یەوە ئێستا وەك شاهیدی زیندووی هەموو ئەو رووداوانە ئامادەی ئاشکراکردنی راستی‌یەکانە. رەنگە بەیانی ئەو چەند راستی‌یە بەس بێ بۆ ئەوەی ئیددیعاکانی سەفیری کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بریتانیا وەدرۆ بخرێتەوەو وەك هەمیشە رووی رەش‌و دزێوی بۆ هەموو لایەك دەربکەوێ.

◆◆◆

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێددا

لە کۆنگرەی حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد، کە رۆژانی ١٦ تا ١٨ی مانگی ئاوریلی ئەمساڵ لە ستۆکهۆلم بەڕێوەچوو، هەیئەتێکی حیزبی بریتی لە هاوڕێیان کاك سەلاح گادانی، بەرپرسی پێوەندی‌یەکان لە وڵاتی سوئێدو خوشکە گوڵاڵە شەرەفکەندی بەشدارییان کرد.

تەوەری سەرەکیی کاری کۆنگرەی ئەو ساڵ، بارودۆخی ئابووری‌و بازاڕی کاری وڵاتی سوئێدی دەگرتەوە، بەڵام لە پەیامەکانی کردنەوەو کۆتایی‌دا، "یۆران پێرسۆن" سەرۆکی حیزبی سوسیال دێموکرات‌و سەرۆك وەزیری سوئێد ئاماژەی روون‌و ئاشکرای بە بارودۆخی سیاسیی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردو جارێکی‌تریش لەسەر هاوخەباتیی هەموو لایەنەکانی دژی تیرۆریسم لە هەر شکڵێکدا بێت، پێی داگرتەوە. هەر لەم بوارەدا بڕیارنامەی کۆتایی کۆنگرەش کە تایبەت بوو بە تیرۆریسم دەرچوو، کە لەودا هەر چەشنە کردەوەیەکی تیرۆریستی دژ بە هەر لایەنێك بێ، مەحکووم کرا.

بە تەنیشت کاروباری ئاسایی کۆنگرەوە، هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزب، لە دەرفەتی جۆراوجۆردا بە مەبەستی هێنانەگۆڕو ناساندنی مەسایلی پێوەندیدار بە ئێران، کوردستان‌و حیزبەوە بە کورتی چاوی بە خانمی ئاننا لیندە، مۆنا سالین‌و ئینگوار کارلسۆن لە بەرپرسانی پایەبەرزی سوسیال دێموکراتەکانی سوئێد کەوت‌و هەروەها لە دوو شەونشینی تایبەتی‌دا، چاویان بەنوێنەرانی سوسیال دێموکراتی وڵاتانی نۆروێژو فەنلاند کەوت.

❊❊❊

# تێکۆشانی کۆمیتەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات

## ئیسپانیا:

### دیدارو چاوپێکەوتن

رۆژی پێنجشەممۆ، ٢٩ی ئاوریلی ٢٠٠٤، نوێنەری حیزب لە ئیسپانیا، بەڕێز رەحیمی قادری، لەگە بەڕێز خاتوو "ماریا سۆلانس کاردین" رێکخەری پێوەندی‌یەکانی دەرەوەی حیزبی سوسیالیستی ئیسپانیا دیدارو چاوپێکەوتنی کرد.

لەو دیدارە یەك سەعاتی‌یەدا، بەڕێز نوێنەری حیزب وێڕای پیرۆزبایی لە حیزبی سوسیالیست، بە بۆنەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی ئیسپانیادا، کۆمەڵێك باس‌و بابەتی دیکەی لە پێوەندی لەگەڵ وەزعی ئێران لە بواری جۆراوجۆردا، هەلومەرجی ئێستای عێراق‌و کوردستان‌و دەخاڵەت‌و دەستتێوەردانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتەدا، هێنایە گۆڕێ‌و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرد. لە کۆتایی‌دا نوێنەری حیزب داوای لە خاتوو "ماریا سۆلانس کاردین" کرد کە بۆ نوێکردنەو پتەوکردنی پێوەندی‌یەکانی حیزبی سوسیالیست‌و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەوڵ بدا، کە ئەو داوایە لەلایەن خاتوو "ماریا سۆلانس کاردین"ەوە بە خۆشحاڵی‌یەوە وەرگیراو بەڵێنی پێویستی دا.

### بەڕێوەبردنی چەند رێوڕەسمێك بە بۆنەی رۆژی جیهانیی کرێکارەوە

## سوئێد:

رۆژی شەممە ١٢ی بانەمەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی، بە بۆنەی رۆژی جیهانیی کرێکارەوە، کومیتەی حیزب ـ سوئێد لەگەڵ حیزبی سوسیال دێموکراتی ئەو وڵاتە رێورەسمێکی بەشکۆیان پێکهێنا. لە سەرەتای رێورەسمەکەدا بەڕێز "ئاندرسۆن سوند سترۆم" وەزیری پێشووی وڵاتی سوئێد (وەزیری بازرگانی‌و هەروەها ئوستانداری بەشی باکووری سوئێد)، لە وتارێکی کورت‌دا سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتەو لەسەر بەشێك لە بڕیارەکانی پارلمان بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکە دوا. پاشان نوێنەرانی لاوانی سوسیال دێموکراتی سوئێد، وتاریان پێشکەش کرد. شایانی باسە کە بەشوێن ئەودا، هاوڕێ "کاکەبرا ئەلیاسی" پەیامی کومیتەی حیزبی پێشکەش کردو دیارە هاوکات بە سەدان لاپەڕە لەو پەیامە لە نێو بەشداراندا بڵاو کرایەوە. لە کۆتایی‌دا هاوڕێیان، محەممەدرەسووڵ کەریمی وەك بەرپرسی کومیتەی حیزب ـ سوئێدو کاکەبرا ئەلیاسی لە کۆبوونەوەیەکی کورت لەگەڵ بەڕێز "ئاندرسۆن سوند سترۆ" لەسەر نێوەڕۆکی پەیامی حیزب قسەیان کردو لەلایەن ناوبراوەوە جارێکی دیکە لەسەر دۆستایەتیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و حیزبی سوسیال دێموکراتی سوئێد، جەخت کرایەوە.

## ئۆستفۆڵد

رۆژی شەممە ١٢ی بانەمەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی (١ی ئایاری ٢٠٠٤ی زایینی)، رۆژی جیهانیی کرێکار، سەندیکای کرێکارانی سەر بە پارتی کاری ناوچەی ئوسفۆڵد بەو بۆنەوە رێورسمێکی پێکهێنا. شایانی باسە کە لەسەر بانگهێشتنی پارتی ناوبراو بەرپرس‌و ئەندامانی کومیتەی حیزب ـ ئۆستفۆڵد لەو رێورەسمەدا بەشدارییان کردو هەورەها هاوڕێ قادر عەزیزبەیگی، پەیامی کومیتەی حیزبی پێشکەش کرد.


## نۆروێژ


کومیتەی حیزب ـ نۆروێژ، رۆژی شەممە ١٢ی بانەمەڕی ١٣٨٣ی هەتاوی، بە بۆنەی رۆژی جیهانیی کرێکارەوە، رێپێوانێکی پێك هێنا. رێپێوانەکە لە مەیدانی کارێکاری شاری ئۆسلۆوە دەستی پێ‌کرد. شایانی باسە کە لەو رێپێوانەدا حیزبی کاری ئەو وڵاتەش بەشدار بوو. پێویستە بگوترێ کە ئەو رێپێوانە سەعات ١٠ی سەرلەبەیانی دەستی پێ‌کردو سەعات ١:٣٠ی دوانیوەڕۆ کۆتایی پێ‌هات.


◆◆◆


# ژیاننامەی شەش تێکۆشەری دێموکرات کە بەدەستی جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامی ئیعدام کران


مەعرووف سوهرابی


موزەفەر کازمی


ئەرشەد رەزایی


محەممەد عەزیز قادری


عەدنان ئیسماعیلی


یوونس محەممەدپوور

## شەهید محەممەدعەزیز قادری

کاک محەممەدعزیز قادری، کوڕی کەریم، لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی، لە گوندی "نەروێ"ی سەر بە شاری پاوە لەدایك بوو. گیروگرفتەکانی ژیان ناچاری کرد هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵیدا دەست بە کاروکاسبی بکاو بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان تێبکۆشێ. هاوکات لەگەڵ دەست پێکردنی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی حەمەرەزا شا، لە ریزی لاوانی نیشتمانپەروەری ناچەی هەورامانەدا دەستی بە خەباتو تێکۆشان کرد. پاش سەرکەوتنی شۆڕشو ئاشکرابوونی چالاکیە سیاسییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەشاری "نەوسوود"، پەیوەندیی بەتەشکیلاتی حیزبی دێموکراتەوە گرتو وەك لاوێکی بە ئەمەگ چالاکی نواند. لەگەڵ دەرکردنی فتوای جیهاد، بە دژی خەڵکی کوردستان لەلایەن خومەینییەوە لە هاوینی ١٣٥٨داو هەروەها هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستان، کاک محەممەد پەیوەندیی بە هێزی "شاهۆ"وە گرتو ئەرکی دیفاع لە نیشتمانو گەلەکەی وەئەستۆ گرت. لێهاتوویی‌و لێوەشاوەیی‌و فیداکارییەکانی کاك محەممەد، بوونە هۆی تێپەڕکردنی یەك لەدوای یەکی قۆناغەکانی بەرپرسایەتی وەك، سەرپەلو سەرلك، هەروەها فەرماندەیی هێزی شاهۆ. هاوڕێ محەممەدعەزیز ئەرکی خۆی لەو پلانەدا بە سەربەرزییەوە بەڕێوە بردو وەك پێشمەرگەیەکی دلێرو فەرماندەیەکی لێهاتوو لە ناوچەکانی مەڵبەندی ١ی کوردستاندا (هەورامان، جوانڕۆو داڵاهۆ) بەردەوام چالاکی نواند.

سەرەڕای ئەو تایبەتمەندییانە، ئاکارو رەوشی پاکی لەگەڵ هاوڕێیانی، کردبوویانە سومبولێکی خۆشەویستی‌و نموونەی تێکۆشەرێکی دێموکرات لە نێو هاوسەنگەرەکانیدا.

بەداخەوە سەرئەنجام لە ڕێکەوتی ١٣٧٥/٧/٢٨دا، لەگەڵ شەش کەس لە هاوڕێکانی، بە پێی پیلانێکی خائینانەو ئینسان فرۆشانەی تاقمی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە تەحویلی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی درایەوەو پاش ئەشکەنجەو ئازار ئێعدام کراو ماڵئاوایی لە حیزبەکەی‌و خەڵکی کوردستانو بنەماڵەی شۆڕشگێڕو جگەرگۆشەکانی خواستو هەمووانی لە غەمی لەدەست چوونی خۆیدا غەمبار کرد. رۆحی شادو ڕێگای گەیشتن بە ئاواتە بەرزەکانی، پڕ ڕێبوار بێ.

## شەهید ئەرشەد رەزایی

شەهید ئەرشەد رەزایی، کوڕی سادق، ساڵی ١٣٤٤ لە ئاوایی "شۆشمێ" سەر بە شاری پاوە لەدایك بوو. خوێندنی سەرەتایی لە شۆشمێ تەواو کردو خوێندنی "راهنمایی"شی لە شاری نەوسوود لە کاتێکدا تەواو کرد کەگەلانی ئێران دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری حەمەرەزای پەهلەوی راپەڕی بوون. پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، کاك ئەرشەد رەزایی، وەك لاوێکی بە ئەمەگو دڵپاك پەیوەندی بەرێکخراوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری "نەوسوود" گرتو زۆر چالاکانە، ئەرکی حیزبی بەڕێوەبرد. لە ساڵی ١٣٦٠دا پەیوەندی بە پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆ لە هەورامان گرتو ئەرکە حیزبییەکانی بەلێهاتووییەوە بەڕێوەبرد. کاك ئەرشەد جارێك لە شەڕدا لاقی بریندار بوو و پاش ساڕێژ بوونەوەی برینەکەی بە ئیرادەو ئیمانێکی قایمتر لە جاران گەڕایەوە سەنگەری پێشمەرگایەتی‌و بە هۆی لێهاتوویی‌و لێوەشاوەیی، پلەکانی بەرپرسایەتیی هەر لە سەرپەلی‌و جێگر لكو ئەندامەتیی کومیتەی شارستانی پاوەوە، هەتا فەرماندەیی پێشمەرگەکانی کومیتەی شارستانی پاوە، تێپەڕ کرد

ئەو شەهیدە نەمرە، سەرئەنجام لەگەڵ پۆلێك لە هاوسەنگەرانی، لە پیلانێکی داڕێژراو بە هاوبەشیی دەزگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانو بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق، لە ڕێکەوتی ١٣٧٥/٧/٢٨دا دەستگیر دەکرێو تەحویلی کۆماری ئیسلامی دەدرێو پاش ئازارو ئەشکەنجە ئێعدام دەکرێو تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی گەل دەبێو بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لەحیزبەکەی‌و بنەماڵەی شۆڕشگێڕو ئەمەگناسی خۆی ( خێزانو جگەرگۆشەکانی کوردستانو ئەردەشیرو گوڵستان) دەکاو ئەرکی خەبات لە پێناوی ئازادیدا بە خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانو هاوسەنگەرکانی دەسپێرێ.

## شەهید موزەفەر کازمی

هاوڕێ موزەفەر کازمی، کوڕی مەولوود، لە ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە شاری پاوەی کوردستان لەدایك بووە. پلەکانی خوێندنی تا قۆناغی دیپلۆم بە سەرکەوتنەوە بڕیو بە هۆی هەستی نەتەوایەتی‌و باوەڕی قوڵی بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات لە خوێندنگەدا، چالاکیی سیاسینواندو سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتی لە نێو قوتابییاندا بڵاو دەکردەوە. هەر بۆیەش ڕێژیم لە ساڵی ١٣٧٢ ڕاپێچەکی زیندانی داو بە هەڕەشەو گوڕەشەو تەماح وەبەرنان بە هیوا بوو هەڵیخەڵەتێنێ‌و نهێنییەکانی حیزبی پێ ئاشکرا بکا. بەڵام کاك موزەفەر قارەمانانە لە بەرامبەر ویستی چەپەڵی ڕێژیم ڕاوەستاو بە خۆڕاگرییەوە هەوڵەکانی ڕێژیمی نەزۆك هێشتەوە.

لە پاش ئازادبوونی لە زیندان سەرلەنوێ لەگەڵ تەشکیلاتی حیزب پێوەندی گرتەوەو چالاکییەکانی دەست پێکردەوە. کاك موزەفەر کە دەبینێ لەژێر چاوەدێری توندی ڕێژیم دایەو مەودای چالاکی نواندنی لە نێو شاردا بەرتەسك بۆتەوە، ساڵی ١٣٧٣ دێتە ڕیزی خەباتی ئاشکرای حیزبو وەك پێشمەرگەیەك درێژە بە خەبات دەدا.

لێهاتوویی‌و کارامەیی‌و ڕەوشی شۆڕشگێڕانەی شەهید موزەفەر وای کردبوو کە هەمووان خۆشیان بوێو چەند جاریش لەلایەن بەرپرسانی حیزبەوە تەشویق بکرێ.

بەداخەوە ئەم هاوڕێیەمان لە ئاکامی پیلانی نامرۆڤانەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق لە رۆژی ١٣٧٥/٧/٢٨دا تەحویلی خوێنڕێژەکانی کۆماری ئیسلامی درایەوەو لەگەڵ هاوڕێیانی بەندکراویدا، پاش شکەنجەو ئازار، ئێعدام کراو گیانی پاکی لە پێناو ئامانجە ئینسانییەکانی گەلەکەیدا بەخت کرد.

## شەهید مەعرووف سۆهرابی

کاك مەعرووف سوهرابی، کوڕی سەعید، لە ساڵی ١٣٥٥دا لە شاری پاوەو لە بنەماڵەیەکی نیشتمان دۆستدا لەدایك بوو. بە هۆی هەژاری‌و دەست کورتییبنەماڵەکەی دەستی لە خوێندن هەڵگرتو بۆ پەیداکردنی بژێوی رۆژانە خەریکی کار بوو.

هاوڕێ مەعرووف سەرەڕای فشاری ژیان، بە ئیمانو ورەیەکی کوردانەوە هەستی نیشتمانپەروەریی رۆژبەڕۆژ لە دڵیدا گەشەی کردو هەوڵی بردنەسەری ئاگاهی خۆی‌و ناسینی سیاسەتەکانی حیزبی دێموکراتو چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی دا. ئەو ئەوینە پاکە هانی دا لە ساڵی ١٣٧٤دا پەیوەندی بە کومیتە شارستانی پاوەوە بگرێو دوای بەشداریکردن لە دەورەی فێرگەی سیاسی ـ نیزامیداو تەواوکردنی ئەو دەورەیە، هاتە نێو ریزی هێزی کۆماندۆی هەورامانو تێکۆشانو چالاکی پێشمەرگایەتیی خۆی درێژە بدا.

قسەخۆشی‌و ڕووخۆشیی کاك مەعرووف، بووە هۆی ئەوەی کە هەمووان شانازی پێوە بکەن. ئەو رۆڵە تێکۆشەرو بوێرەی گەلەکەمان لە ڕێکەوتی ١٣٧٥/٧/٢٨دا لەگەڵ شەش کەس لە هاوسەنگەرانی لە پیلانێکی خائینانەی بزووتنەوەی ئیسلامیدا تەحویلی کۆماری ئیسلامی درایەوەو پاش ئازارو ئەشکەنجە ئێعدام کراو درێژەدانی خەباتی بە هاوسەنگەرانی سپارد.

## شەهید عەدنان ئیسماعیلی

کاك عەدنان ئیسماعیلی کوڕیمەلامحەممەد، ساڵی ١٣٥٤، لە ئاوایی "هەجیج"ی سەر بە شاری پاوە، لە بنەماڵەیەکی ئایینیدا لەدایك بوو. پاش ماوەیەك بنەماڵەکەیان چوونە شاری پاوەو هەر لەوێ دەست بە خوێندن دەکاو قۆناغەکانیخوێندن دەبڕێو بڕوانامەی دیپلۆم وەردەگرێ. هەر لە شاری پاوە لەگەڵ لاوانو تێکۆشەرانو لایەنگرانی حیزبی دێموکرات ئاشنا بوو و پاش چەند ساڵ چالاکیی سیاسی، لەلایەن ڕێژیمەوە شناسایی کراو خرایە ژێر چاوەدێری‌و حەولی گرتنی درا.

کاك عەدنان بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی ڕێژیم، بە باوەڕو هەستێکی پاكو هۆگرییەکی زۆرەوە خۆی بە کومیتەی شارستانی پاوە ناساندو رەوانەی فێرگەی سیاسی ـ نزامی کراو بە سەرکەوتنەوە دەورەی فێرگەی تەواو کردو گەڕایەوە کومیتەی شارستانو وەك پێشمەرگەیەکی تێکۆشەرو بەورەو بیرەباوەڕ، ئەرکی پێشمەرگایەتیی بەڕێوە برد.

سەرئەنجام، کاك عەدنانو شەش کەس لەهاوڕێیانی، لە پیلانێکی ئینسانفرۆشانەی بزووتنەی ئیسلامیدا گیراو تەحویلی خوێنڕێژانی کۆماری ئیسلامیی ئێران درایەوەو پاش ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر، لەلایەن ڕێژیمەوە ئێعدام کراو ماڵئاوایی لە هاوڕێیانو بنەماڵە شۆڕشگێڕەکەی خواست.

## شەهید یونس محەممەدپوور

هاوڕێ یونس محەممەدپوور، کوڕی نەعیم لە ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی لە شاری پاوە لەدایك بوەو هەر لەو شارەش تا قۆناغی دیپلۆم درێژەی بە خوێندن دا.

کاك یونس بە باوەڕێکی قووڵ بە ڕێبازی حیزبی دێموکراتەوە، تێکۆشانی سیاسیی خۆی دەست پێکردو لەگەڵ هاوبیرانی سیاسەتو بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتیان لە نێو خەڵکی شاردا بڵاو دەکردەوە. هاوڕێ یونس لە هەموو کۆبوونەوەیەکدا زمانحاڵی حیزبی دێموکرات بوو. هەستی پاکی خەباتگێڕی وای کرد کە لە ساڵی ١٣٧٣ خۆی بە ریزی تێکۆشەرانی دێموکرات لە کومیتەی شارستانی پاوە بە ریزی هێزی کۆماندۆی کومیتەی شاری پاوە بگەیەنێ. لێهاتوویی‌و کارامەیی شەهید یونس بووە هۆی ئەوەی پلە تەشکیلاتییەکانی حیزب یەك لەدوای یەك بە سەرکەوتنەوە ببڕێو لە ساڵی ١٣٧٥دا وەك جێگری لك دیاریکرا.

کاك یونس لە کاتی بەڕێوەبردنی مەئمووریەتێکی حیزبی بە هۆی پیلانی ئینسانفرۆشانەی تاقمی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستانی عێراق لە ڕێکەوتی ٧٥/٧/٢٨، تەحویلی کۆماری ئیسلامی درایەوەو پاش ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر لەلایەن خوێنڕێژەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئێعدام کراو ئەرکی خەباتو درێژەدانی ڕێبازی ئازادی بۆ ڕێبوارانی ڕێگەی سەربەستی‌و هاوسەنگەرانی بەجێهێشت.

◆◆◆

## پەیامی هاودەردی لەگەڵ حیزبی دێموکرات

### بەرەی دیموکراتیکی خەڵکی عەرەبی ئەهواز ئێعدامی شەش تێکۆشەری دیموکراتی مەحکووم کرد

پەیام بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

بەرەی دێموکراتیکی خەڵکی عەرەبی ئەهواز ئیعدامی شەش ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مەحکووم دەکا.

هاوڕێیان، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

بەوپەڕی داخ‌و پەژارەوە هەواڵمان پێگەیشت کە کۆماری ئیسلامی ٦ ئەندامی حیزبی ئێوەی پاش ئەشکەنجەدان، ئێعدام کردوەو، چەند ساڵە مۆری بێدەنگی بەو جینایەتەوە ناوە.


هەڤاڵان! ئێمە لە بەرەی دێموکراتیکی خەڵکی عەرەبی ئەهواز، وێڕای دەربڕینی هاودەردیمان لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزی ئەو شەهیدانە، ئەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکەین‌و لە هەموو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ دەخوازین کە وێڕای ئێمە ڕووی ڕەش‌و دزێوی کۆماری ئیسلامی لەقاو بدەن.

بەرەی دێموکراتیکی خەڵکی عەرەبی ئەهواز

٢٠٠٤/٤/١٥

# ئەركەكانی ڕۆژنامەگەری‌و ڕۆژنامەگەریی كوردی

**ڕامبود لوتف‌پووری**




ڕۆژنامە وەك یەكێ لە ئامرازەكانی پێوەندی گشتی، دیاردەیەكی شارستانی‌و بەرهەمی خەسڵەتی كۆمەڵایەتیی مرۆڤە. ئامرازێكە مرۆڤ بۆ چڕوپڕتر كردنەوەی پێوەندیەكانی لە ئاستی كۆمەڵگاو گۆڕینەوەی بیروڕادا كەڵكی لێوەردەگرێ. سەبارەت بە ئەركەكانی ڕۆژنامەو بە گشتی ئامرازەكانی پێوەندیی گشتی "لاسوێل" دەڵێ: "هێندێ ئەركی وەك، پاراستنی ژینگەو پێكهێنانی یەكگرتوویی لە نێوان بەشە جۆراوجۆرەكانی كۆمەڵگا، لە وڵام بە ژینگە كە لەودا ڕاگواستنی كولتوور كە لە نەوەیەك بۆ نەوەیەكی دیكە جێبەجێ دەكرێ، لە ئەستۆی ئامرازەكانی پێوەندی گشتی‌یە".(١)

ڕۆژنامە لە كۆمەڵگادا، ڕۆڵگەلێكی وەك، وشیاركردنەوەی مرۆڤ، فێركاری، هەواڵنێری، یەكدەست كردنەوەی كۆمەڵگا یا تودەسازی‌و پێكهێنانی بەستراوەیی كۆمەڵایەتی، دەبینێ.

"ژان ئیستۆتزێل" لە كتێبێكیدا بە نێوی "ئەرك‌و كاركردی ڕۆژنامەكان" دەڵێ:

"خوێندنەوەی ڕۆژنامە یا كەڵكوەرگرتن لە هەر ئامرازێكی پێوەندی گشتی هەم هۆكارو هەم بەرهۆی بەشداریی كۆمەڵایەتی‌یە. بەشداری لە ژیانی كۆمەڵایەتی، پێویستی بە ئاگایی لە ڕووداوەكانەو بەپێچەوانەوە، خوێندنەوەی ڕۆژنامە یا كەڵكوەرگرتن لە هەر ئامرازێكی دیكەی پێوەندی گشتی بووای بەشداری چالاكانەتر لە ژیانی كۆمەڵایەتی‌دا دابین دەكا. خوێندنەوەی ڕۆژنامە بۆ خوێنەر بواری هاوچەشن كردنەوەی خۆی لەگەڵ كۆمەڵدا دەڕەخسێنێ، میكانیزمی ئەم هاوچەشن كردنە لە لایەن، دەروونناسانەوە ڕاڤە كراوە. ئێمە لە ڕێگای هێندێ مۆدێلی هاوبەش، ناسنامەی خۆمان دەبینینەوە".(٢)

كەوابوو، ڕۆژنامە هەم یەكێ لە هۆكارەكان‌و هەم پێشاندەری بەستراوەیی كۆمەڵایەتی‌یە. بەڵام شیاوی باسە هێندێك لە ڕۆڵەكانی ڕۆژنامەگەری وەك هاوچەشن كردنەوەی ئینسانەكان‌و یەكدەست كردنەوەیان تایبەت بەقۆناغی یەكەمی ژیانی‌یەتی، قۆناغێ كە ڕۆژنامە تاكەكان‌و گرووپە جیاوازەكان لێك نزیك دەكاتەوەو كولتوورێكی گشتی پێك دێنێ یا بە واتایەك تودەسازی دەكا. بەڵام پاش ئەوەی كە ڕۆژنامەكان زۆر دەبنەوەو بە ئاسانی‌و هەرزان دەست هەموو كەسێ دەكەون، قۆناغی دووهەم دەست پێ دەكات كە لەودا جەخت لەسەر جیاوازی‌یەكان دەكرێت‌و كۆمەڵگا بەرەو فرەلایەنی دەڕوا. لەو كاتە دایە كە جیاوازی‌و تایبەتمەندی‌یەكانی تاكەكان، گرووپەكان، نەتەوەكان‌و . . . زەق دەكرێنەوەو جەختیان لەسەر دەكرێ.

ڕۆژنامەو ڕۆژنامەگەری لە كۆمەڵگای مۆدێرن یا لە قۆناغی تێپەڕین لە نەریتەوە بۆ مۆدێرنیزم، وەك ئامرازێكی دەستی ڕووناكبیران بۆ ڕۆشنگەری‌و چاوەدێری كۆمەڵگاو دەسەڵات ڕۆڵێكی گرینگ‌و بنچینەیی دەبینێ، بۆیە وەك هێزی چوارەم ناوزەد كراوە. لەبەر ئەوە كاریگەریی لەسەر كۆمەڵگاو بیروڕای گشتی هەیە. بەردەوام دەتوانێ چاوەدێرو ڕەخنەگری كۆمەڵگاو دەسەڵات بێ‌و نوێنگەی بارودۆخ‌و كەموكووڕی‌یەكانی كۆمەڵگا بێ.

ڕۆژنامە لە دروستكردنی ڕای گشتی‌و تەنانەت پێكهێنانی بزاڤی سیاسی‌و ڕووناكبیری‌دا ڕۆڵێكی سەرەكی هەیە. بۆیە هەر لە پێك هاتنی كۆنترین ڕۆژنامە كە لە وڵاتی چین‌و لە سەردەمی بنەماڵەی تانگدا (٩٠٦ تا ٩١٨) لەدایك بوو كەم تاكورت ئەو ڕۆڵ‌و ئەركانەی پێڕەو كردووە.

### ڕۆژنامەگەریی كوردی:

لە ٢٢ نیسانی ١٨٩٨دا میقداد بەیگ میدحەت بەدرخان لە شاری قاهیرە یەكەم ڕۆژنامەی كوردیی بە ناوی "كوردستان" بڵاو كردەوە. لەوكاتەوە تا ئێستا ڕۆژناگەریی كوردی لە بواری چەندایەتی‌یەوە هەر لە گەشەدا بووەو هەتا ئێستە ژمارەیەكی زۆر ڕۆژنامەو گۆڤار بڵاو بووەتەوەو بڵاو دەبێتەوە. بەڵام ئەوەی كە شیاوی باس‌و جێگای وردبوونەوەیە، ئەوەیە كە ڕۆژنامەگەری كوردی لەژێر كاریگەری دوو فاكتۆری: ١ـ ژێردەستی كورد‌و نەبوونی ئازادی سیاسی‌و ڕادەربڕین لەو وڵاتانەی كوردیان بەسەر دابەش كراوەو ٢ـ خەباتی سیاسی‌و ڕزگاریخوازانەی ئەم نەتەوەیە بە ڕێبەری لایەن‌و حیزبە سیاسی‌یەكاندا نەیتوانیوە بە باشی ئەركە سەرەكی‌یەكەی خۆی كە چاوەدێری كۆمەڵگاو دەسەڵاتە جێبەجێ بكاو بەردەوام لەژێر كاریگەریی هاوكێشە سیاسی‌یەكان‌و بیروڕای سیاسەتواناندا بووە. بەواتایەك ڕۆژنامەگەریی كوردی زیاتر بەرهەمی خەباتی ڕزگاریخوازانەی كورد‌و ڕەنگدانەوەی ویستە سیاسی‌و نەتەوایەتی‌یەكانی ئەم نەتەوەیەیە.

لەبەر ئەوەی لە سەرەتای دامەزراندنی ڕۆژنامەگەریی كوردی‌دا، نە ناوەندێكی ڕۆژنامەنووسی‌و ڕاگەیاندن لە كوردستاندا دروست بووەو نە فەلسەفەیەكی سیاسی‌و ڕووناكبیری بۆ خۆراكدان بەو دیاردە شارستانی‌یە پێك هاتووە. كەسایەتی‌یە سیاسی‌و فەرهەنگی‌یەكان‌و حیزب‌و لایەنە سیاسی‌یەكان بوونەتە پێشەنگی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری كوردی، چونكە ئەم لایەن‌و حیزبانە ناچارن خۆیان بە كێشە سیاسی‌و رووكەشەكانی كۆمەڵگاوە خەریك بكەن، ڕۆژنامەگەریی كوردی نەی‌توانیوە بچێتە قووڵایی ئەركەكانی خۆیەوەو ڕۆڵی ڕەخنەگرانەو ڕووناكبیرانەی خۆی ببینێ.

بەڵام بەهەرحاڵ ڕاستی‌یەكی حاشاهەڵنەگرە كە ڕۆژنامەی كوردی كە لەلایەن كەسایەتی‌یە نیشتمانپەروەرەكان یا حیزبە سیاسی‌یەكان بڵاو دەكرانەوە، ڕۆڵێكی بەرچاوو كاریگەریان لە بەرەوپێش‌بردنی خەباتی سیاسی‌و نەتەوایەتیی كورددا هەبووە. تەنانەت دەتوانین بڵێین كە ڕۆژنامەگەریی كوردی لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمنان‌و ماف پێشێل‌كەراندا، ڕەنگە توانیبێتی تا ڕادەیەكی زۆر ڕۆڵی چاوەدێرو ڕەخنەگریش ببینێ. بەڵام لە نێو خودی كۆمەڵگای كوردی‌و حیزبە كوردی‌یەكان، لە ڕوودا ماوەتەوەو نەی‌توانیوە بچێتە قووڵایی كێشەكانەوە.

پاش ڕزگاربوون‌و ئازادیی پارچەیەك لە كوردستان، ڕەوتێكی تازەی ڕۆژنامەگەریی كوردی لەم بەشە ئازادكراوەدا دەستی پێ‌كردوە كە تا ڕادەیەكی بەرچاو ڕەنگی ڕۆشنبیری‌و ڕەخنەگەری‌یەكی ڕاستەقینەی بە سیمایەوە دیارە. ئەگەرچی لە پارچەكانی دیكەی كوردستان‌و تەنانەت لە هەندەرانیش هێندێ هەوڵی لەم جۆرە لەلایەن بەشێ لە ڕووناكبیرانی كوردەوە دراوە، بەڵام لەبەر هەلومەرجی ئەو وڵاتانە كە هیچ چەشنە ئازادی‌یەكی بیروڕا بەتایبەت سەبارەت بە دۆزی كورد بەدی ناكرێ، ئەم هەوڵانە ئەگەرچی جێگای ڕێزن، بەداخەوە بەرهەمێكی تەواویان لێ نەكەوتۆتەوە. لە لایەكی دیكەشەوە سەربەخۆ نەبوونی زۆربەی هەرە زۆری ڕۆژنامە كوردی‌یەكان لە بواری ماڵی‌یەوەو بەستراوە بوونیان بە دەسەڵاتی ئەو وڵاتانە یا بە حیزبە سیاسی‌یەكانەوە، مەودای گەشەكردنی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی ئازاد، سەربەخۆو چاوەدێری بەرتەسك كردۆتەوە.

**ژێدەر:**

١ـ مستەفا ئەمین ـ نەوشیروان، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی ڕۆژنامەوانی، بەرگی یەكەم، چاپی دەزگای سەردەم، ٢٠٠١، سلێمانی

٢ـ ساروخانی ـ باقر ـ جامعەشناسی ارتباطات، انتشارات اطلاعات، چاپ نهم، ١٣٧٩ تهران

پەراوێزەكان:

١ـ ساروخانی ـ باقر ـ جامعەشناسی ارتباطات، انتشارات اطلاعات، چاپ نهم، ١٣٧٩ تهران، ل ٨٣

٢ـ هەمان سەرچاوە، ل ٩٢

◆◆◆

# ئاورێك لە وەزعی كرێكارانی ئێران

## بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی كرێكارەوە

**عەلی بدلغی**

كرێكاران ئەو چینە لە كۆمەڵگای مرۆڤایەتین كە لە ڕێگەی هێزی شان‌و پیلەوە بژێوی ڕۆژانەی خۆیان‌و ماڵ‌و منداڵیان دابین دەكەن. كرێكارانی هەر كۆمەڵگایانە كە لە ژێر حاكمییەتی ئەو نیزامانەدان كە بڕوایان بە عەدالەتی كۆمەڵایەتی نیە، بێ‌مافترین، بەشخوراوترین‌و چەوساوەترینی توێژی ئەوجۆرەكۆمەڵگایانەن. یەكی مانگی مای، ڕۆژی جیهانیی كرێكار، دەرفەتێكە بۆ ئاشكرا هێنانە بەرباسی ویست‌و داخوازیی كرێكاران‌و لە هەمان كاتیش‌دا نەریتێكی جێ‌كەوتوە بۆ هاوپێوەندیی جیهانیی كرێكاران لە دژی سیستەمی چەوساندنەوەی مرۆڤ بە دەستی مرۆڤ. ئەمڕۆكە بزووتنەوەی كرێكاری لە زۆربەی وڵاتانی جیهان، بزووتنەوەیەكی جێكەوتووو شوێندانەرە لەسەر سیاسەتە كەلانەكانی ئەم وڵاتانە لە بوارەكانی ئابووری، بازرگانی، كۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌دا.

ڕێژیمی كۆماری ئیسلامییش كە لە ڕیزی پێشەوەی وڵاتانی پێشێلكەرو زەوتكەری مافی كرێكارانەو لەرووی ناچاری‌یەوە ڕۆژی ١ی مای، وەك ڕۆژی جیهانیی كرێكار بە ڕەسمی ناسیوە، هەموو ساڵێ لە ڕێگەی ڕێكخراوە گوێ لەمست‌و پەسن بێژەكانی خۆی وەك "شووڕای ئیسلامی‌یەكانی كار"و "خانە كارگر"ەوە بە مەبەستی شانۆسازی ڕێورەسمی تایبەتی لە چوارچێوەیەكی دیاریكراودا بەڕێوە دەبا.

هەوڵەكانی ڕێژیم لە بەڕێوەبردنی ئەم جۆرە ڕێورەسمانە كە پتر بە مەبەستی كەمڕەنگكردنەوەی بایەخە مەزنەكانی ئەو ڕۆژە مەزنەن‌و بە شوێن شكاندنەوەی دەنگی كرێكاران لە خۆپێشاندانە تایبەتی‌یەكانی ئەم ڕۆژە بەلای داكۆكی لە ڕێژیم‌و پیاهەڵدان لە نیزام دان، لە جێ‌دا هەوڵێكی بێ‌شەرمانەو لە هەمان كاتیش‌دا نەزۆك‌و بێ‌ئاكامن.

كرێكارانی بەشخوراوو چەوساوەی ئێران هەر دەرفەتێكی ڕەخساوو هەر خۆپێشاندانێكی سازكراویان كردۆتە بیانوویەك بۆ دژایەتیكردن لەگەڵ ڕێژیم‌و یاسا دژی گەلی‌و نامرۆڤانەكانیان دەرحەق بە كرێكاران‌و بە بەرزكردنەوەی دروشمی ڕادیكاڵ هەوڵیان داوە بزووتنەوەی كرێكاری بكەنە بەشێكی بەرچاو لە بزووتنەوەی ئیعترازیی گشتیی هەموو چین‌و توێژەكانی گەلانی ئێران‌و ئەمەش هەنگاوێكی گرینگە بۆ هاوپێوەندیی هەموو كۆمەڵانی خەڵكی ئێران بە مەبەستی تێكەوەپێچانی تەمەنی پڕ نەگبەتی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی.

چاوخشاندنێكی كورت‌و خێرا بەسەر وەزعی كرێكاران لە ئێران‌و كوردستان، پتر نێوەڕۆك‌و هەناوی سیاسەتە داپڵۆسێنەرەكانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامییمان لە چۆنیەتیی چەوساندنەوەو مژینی خوێنی كرێكاران‌و بەتاڵانبردنی بەرهەمی ڕەنج‌وكاری ئەوانمان بۆ دەردەخات:

ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی بە سەپاندنی یاسای پڕاوپڕ لە پێشێلكاری‌و بە وەژێرپێنانی مافی كرێكاران دەستی خاوەن كارو سەرمایەكانی بۆ چەوساندنەوەی كرێكاران بە جۆرێك ئاوەڵا كردوە كە دەبینین هیچ كرێكارێك تەنانەت بە وەزعی ژیانی نەمر نەژیی ڕۆژانەشی هەست بە ئەمنییەتی شوغلی‌و كۆمەڵایەتیی خۆی ناكا. حەقدەستی كرێكاران ئەوە نیە كە لە ژیانی كولەمەرگیی ئەمڕۆی كۆمەڵگای ئێراندا پێی بچارن‌و بژێوی بنەماڵەو لانی‌كەم پێداویستی‌و ئیمكاناتی گوزەرانیانی پێ دابین بكەن.

كرێكارانی ئێران لە نەبوونی ڕێكخراوێكی سەربەخۆو تایبەت بە خۆیان كە بتوانێ نوێنەری دەنگی ڕاستەقینەی ویست‌و داخوازەكانیان بێ، ئێستاش كە ئێستایە هەوڵ‌و دەنگ هەڵبڕینیان بۆ داخوازگەلێكی وەك پۆلین كردنی كار، چوونەسەری حەقدەست لە بەرامبەر ئاوسانی ئابووری، دانی حەقدەستە دواخراوەكان‌و هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەكانی كارو وەلانانی جیاوازیی جینسی‌و نابەرابەریی ماف‌و حەقدەست لەنێوان كرێكارانی ژن‌و پیاودا بێ‌ئاكام ماوەتەوە.

ئاسەوارەكانی دەرهاویشتنی ئەو كارگەیانەی كە كەمتر لە ١٠ كرێكارریان هەیە لە چاوەدێریی یاسای كار بەدوای سەركەوتن لە پڕۆسەی دەرهاویشتنی كارگەكانی كەمتر لە ٥ كرێكار ئەوەندەی دیكە ژیان‌و ئەمنییەتی شوغلیی بە میلیون كرێكاری لە ئێران خستۆتە مەترسی‌یەوە. كڕینەوەی كرێكاران كە بەرهەمی سیاسەتە ئابووری‌یەكانی ڕێژیمن‌و لە ژێر ناوی هاوسەنگیی هێزی كاردا بەڕێوەدەچن‌و لەگەڵ خانەنشین كردنی كرێكاران بەر لە كاتی خۆی ژیانێكی تاقەت پڕوكێنیان بەسەر كرێكاران داسەپاندوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە ٩٦٪ی كارگە پیشەیی‌یەكانی وڵات ئەو كارگەیانەن كە كەمتر لە ١٠ كرێكاریان هەیە، هەڵگیرانی چاوەدێریی ئیدارەی كارو دەرهاویشتنیان لە شموولی یاسای كار بەر لە هەموو شتێك دەستی خاوەن كارەكانی بۆ زەوتكردنی مافی كرێكاران‌و پاوانی هەرچی زیاتری بەرهەمی كارو ماندووبوونیان ئاوەڵا كردوەو لە هەمان كاتیش‌دا بە هۆی نەمانی پشتگیریی ئیدارەی كار، ئەمنییەتی شوغلیی ئەوانی پتر لە مەترسی خستوە.

خەباتی كرێكاران تاكوو ئێستاش بۆ گەیشتن بە سەرەتایی‌ترین مافەكانیان واتا مافی بوونی ڕێكخراوێكی سەربەخۆو نادەوڵەتی كە بتوانێ لایەنگرو داكۆكیكەری مافەكانیان بێ، سەرەڕای هەموو ئەو قوربانیی‌یانەی لەو پێناوەدا دراون بێ‌ئاكام ماوەتەوە. چونكە یاساو ڕێسا نادێموكراتیكەكانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی، ڕێگرن لە بەردەم پێكهاتنی هەر ڕێكخراوێكی سەربەخۆو نەبەستراوە بە دەسەڵات، تەنانەت ئەگەر پیشەیی‌و "سینفی"ش بن.

لە كاتێك‌دا ئاسەوارە زیانبارەكانی قەیرانی ئابووریی وڵات پتر لە هەموو توێژەكانی كۆمەڵگا قورسایی خستۆتە سەر ژیانی تاقەت پڕوكێنی كرێكاران‌و هیچ ناوەندو دەزگایەك نابیندرێ كە دان بە ویست‌و داخوازو مافەكانیان دابنێ، یاسای كاری ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی تەنانەت مافی مانگرتنیش بۆ كرێكاران بە ڕەسمی ناناسێ‌و هەر جۆرە خۆپێشاندان، مانگرتن‌و حەرەكەتی ئیعترازیی كرێكاران دەكەوێتە بەر سەركوت‌و بەگژداچوونی سەركوتكەرانەی هێزە داپڵۆسێنەرەكانی كۆماری ئیسلامی.

یەكێك لە كێشە هەرەگرینگەكانی كرێكارانی ئێران لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بەدوای كڕینەوەو خانەنشین كردنی پێش وەختی كرێكاران‌و داخرانی كارگەو یەكە بەرهەمهێنەرەكانی وڵات، گرێبەستەكاتی‌یەكانی كارە كە خاوەن كارەكان بۆ وەدەستخستنی زیاترین قازانج لە بەرهەمی كاری كرێكاران، ڕەچاوی دەكەن. یەكێك لە تایبەتمەندی‌یەكانی گرێبەستی كاتیی كار، نەچوونە ژێر شمولی یاسای كارو ئاوەڵابوونی دەستی خاوەن كارە بۆ وەرگرتنی كرێكار بۆ ماوەیەكی كاتیی دیاریكراوو پاشان لەسەر كار لابردنیان بەبێ هیچ كۆسپێكی یاسایی كە تێی‌دا هیچ سەرمووچەو دەسكەوتێكی یاسایی بۆ كرێكار لەبەرچاو ناگیرێ‌و لەودا كرێكار بە نزمترین حەقدەست، هێزی كاری خۆی بەكار دێنێ. هەر ئەو گرێبەستانەی كار یەكێك لە فاكتەرە گرینگ‌و شوێندانەرەكانی ڕێگر لە بەردەم پێكهاتنی یەكیەتی‌یەكی كرێكاری‌و دامەزرانی ڕێكخراوێكی سەربەخۆیە لە نێو توێژی كرێكارانی ئێراندا.

بارودۆخی ژیانی كرێكارانی كورد لە كوردستان بە نیسبەت كرێكارانی دیكەی وڵات زۆر نالەبارترەو بەڕێوەچوون‌و ئاستی گوزەرانی ژیانیان زۆر نزمترە. زۆربەی نزیك بە تەواوی كارگەكانی كوردستان چووكەن‌و كەمتر لە ١٠ كرێكاریان هەیەو كرێكارانی ئەو كارگەیانە بە لەبەرچاوگرتنی یاسای كاری كۆماری ئیسلامی، چاوەدێریی یاسای كار نایانگرێتەوە. كرێكارانی كورد بەهۆی بوونی ستەمی نەتەوایەتی لەگەڵ هەژاری، بێ‌دەرەتانی‌و سەركوتی زیاتر بەرەوڕوون‌و سەرەتایی‌ترین مافەكانیشیان پشتگوێ دەخرێ.

ژمارەیەكی كرێكاری كورد كە بەهۆی نەبوونی كارگە پیشەیی‌یەكان لە كوردستان پەرەوازەی شارە دوورو خاوەن كارگە پیشەیی‌یەكانی دەرەوەی كوردستانن، سەرەڕای ئەوەی بێ‌مافترین‌و چەوساوەترین بەشی كرێكارانی ئێرانن، دوور كەوتنەوەشیان لە زێدو نیشتمان‌و بنەماڵەكانیان بۆتە هۆی سەرهەڵدانی گەلێك قەیران‌و تەنگژەی كۆمەڵایەتی.

ماوەتەوە بڵێین كە لە كاتێك‌دا كە "شووڕا ئیسلامی‌یەكانی كار"و ناوەندەكانی "خانە كارگر" بەهۆی گرتنەبەری سیاسەتی پەسن بێژانەو دڵخوازی ڕێژیم‌و وەلانانی پشتگیری لە كرێكاران زیاتر لە هەموو كاتێك بێ‌نێوەڕۆك بوون‌و ئیعتبارو قورسایی خۆیان لەدەست داوە، هەنگاوی یەكەم بۆ سڕینەوەی ئاسەواری بێبەشی‌و مافخوراوی، هەلاواردن‌و بەشمەینەتی‌یەكانی كرێكاران، هەوڵدان بۆ بونیاتنان‌و پێكهێنانی ڕێكخراوی پیشەیی سەربەخۆی كرێكارانە. لەم پێناوەش‌دا ئەركی سەرشانی هەموو چین‌و توێژەكانی كۆمەڵگای ئێرانە كە پشتیوانیی هەمەلایەنەی خۆیان لە خەباتی مافخوازانەی كرێكاران لە پێناو وەدەستهێنانی مافە زەوتكراوەكانیان بە كردەوە نیشان بدەن. كرێكارانیش پێویستە زیاتر لە جاران بە یەكریزی‌و یەكدەنگیی خۆیان‌و پشت ئەستوور بە هێزی خەباتكارانەیان پاشەكشە بە سیاسەتە داپڵۆسێنەرەكانی ڕێژیم بكەن، بە جۆرێك كە بزووتنەوەی ئیعترازیی كرێكاران، ببێتە بەشێك لە حەرەكەتە ئیعترازی‌یەكانی هەموو گەلانی ئێران، بە مەبەستی ڕووخاندن‌و تێكەوەپێچانی یەكجارەكیی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی.

◆◆◆

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 388 4 May 2004

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنی‌و بڵاوکراوەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب، بڕواننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:


www.kurdistanmedia.com
e- mail:
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr

ماڵپەڕی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران:
www.rdki.com

## ژمارە تازەی گوڤارەکانی "ژنان" و "لاوان" کەوتنە بەردەستی خوێنەران





لەم دواییانەدا ژمارەی تازەی هەر دوو گۆڤاری "ژنان"(گوڤاری یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران)و "لاوان" ئۆرگانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران چاپ‌و بلاوبوونەوە.

لە ژمارە ٨ی ژنان دا وەك هەموو ژمارەکانی پێشوو چەندین وتارو بابەت لە بارەی مەسەلەکانی ژنان سەرنج رادەکیشن، وتارو پەیامەکانی ئەو یەکیەتی‌یە بە بۆنەی ٨ی مارس و٢٤ی رەشەمە (رۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان) و زۆر هەواڵ‌و راپۆرت لە بارەی کارو تێکۆشانی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات و پەیوەندی لەگەڵ ژنانی ئێران دا بەرچاو دەکەون.

ژمارە ١٧ی "لاوان"یش چەندین وتارو بابەتی سیاسی، رووناکبیری، ئەدەبی وهونەریی تایبەت بە لاوانی گرتۆتەخۆ. نەورۆز، توندوتیژی‌و رادیکالیزم، ئاکامەکانی هەڵبژاردنی مەجلیس لە ئێران، خەڵاتەکانی ئوسکاری ئەمساڵ.. هێندێك لەو بابەتانەن کە لەم ژمارەیەی"لاوان" دا لە سەریان نووسراوە.

## هەڵبژاردەیەك لە راپۆرتی "هەواڵنووسانی بێ‌سنوور" بە بۆنەی رۆژی جیهانیی ئازادیی چاپەمەنی‌یەوە

کۆماری ئیسلامی بە هێشتنەوەی ١٢ رۆژنامەنوس لە بەندیخانەدا، هەروا ناوبانگی گەورەترین بەندیخانەی رۆژنامەنووسانی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بۆخۆی پاراستوە.

قازیی سەعید مورتەزەوی گەورەترین سانسۆرچیی کۆماری ئیسلامی‌یەو ئایەتوڵڵا عەلی خامەنەیی هەروا مەقامی دوژمنی ئازادیی چاپەمەنیی لە تەنیشت ٣٧ رێبەری وڵاتانی جیهاندا، بۆخۆی راگرتوە.


لە ساڵی زایینی رابردوودا زیاتر لە ١٣٠ رۆژنامەنوس لە زینداندا بوون. ٤٢ رۆژنامەنووسیش لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا گیانیان لەدەست دا. زیاتر لە ١٤٦٠ رۆژنامەنوس لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی رۆژنامەنووسی‌دا لێیان دراو بێ‌حورمەتییان پێ‌کرا.

عێراق پڕمەترسی‌ترین وڵاتە بۆ رۆژنامەنووسان. لە سەرەتای شەڕەوە تا ئێستا ٢٣ رۆژنامەنوس کوژراون.

**ماڵپەڕی: "ایران امروز"**

## رێکخراوی نێونەتەوەیی کرێکارانی ئازادی جیهان:

## دەوڵەتی ئێران دەبێ لە بەرامبەر کوشتاری کرێکارانی شاری بابەك دا وەڵامدەر بێ




خانمی "ئانا بیوندی بێرد" ئەندامی رێکخراوی نێونەتەوەیی کرێکارانی ئازادی جیهان‌و سەرۆکی دەفتەری ژنێفی ئەو رێکخراوەیە رای گەیاند پەروەندەی کوژراوەکانی "شاری بابەك" هەتا نوامبری ئەمسال تەکمیل دەبێ‌و هەر بریاریك کە رێکخراوی نێونەتەوەیی کرێکارانی ئازادی جیهان، لە بارەی کوژراوەکانی ئەو شارە بیدا، دەوڵەتی ئێران دەبێ جێ‌بەجیێ بکا.

ئەو خانمە هەروەها گوتی: ئەو ٤ کریکارەی لە خاتوون ئابادی سەر بە شاری بابەك کوژراون بۆ ئەم رێکخراوەیە گرنگن و لە سکالاّ دا کە رۆژی ١٢ فێوریەی ئەمسال پێشکەشمان کردوە داوامان لە رێکخراوی نێونەتەوەیی کار کردوە بەو مەسەلەیە رابگا.

خاتوو "ئانا" گوتی ئەو کۆمیتەیە لە کارو تێکۆشانی خۆی‌دا دەستی ئاوالایەو راپۆرتی خۆی پێشکێشی رێکخراوی نێونەتەوەیی کار دەکا. ئەگەر مەسەلەکە زۆر گرنگ بێ‌و پێویست بکا،کومیتە دەتوانێ هەیئەتێك راستەوخۆ بۆ شوێنی رووداوەکە بنێری. بە گوتەی ئەو بەرپرسە لە راپۆرتەکە دا ئەوکەسانەی لە کوشتاری کریکارانی شاری بابەك دا بەرپرس‌و تاوانبارن، دەناسێندرێن‌و لە ئاکام دا کۆمیتە بە گوێرەی پەروەندەی پێکهاتوو، دوا بریاری خۆی رادەگەیەنێ.

**ماڵپەڕی"اخبار روز"**

## "گوڵ ئاقا" ماڵاوایی یەکجاریی کرد



تەنزنووسی بەناوبانگی ئێران کەیومەرسی سابیری کە بە "گوڵ ئاقا" بەناوبانگ بوو، سەرەتای بانەمەڕی ئەمسال کۆچی دوایی کرد.

سابیری لە شاری "صومعەسرا"ی شیمالی ئێران لەدایك ببوو، لە تەمەنی لاوی‌دا بۆ درێژەی خوێندن هاتە تاران. هەر لە سەرەتای لاوەتی‌یەوە کاری تەنزنووسیی بە هاوکاری لەگەڵ حەوتوونامەی بەناوبانگی "توفیق"دا دەست پێ‌کردو بە ناوەکانی "گردن شکستە" (مل شکاو)، "مل شکاوی فومێنی"و "گوڵ ئاقای فومێنی" شێعرو بابەتی کورتی تەنزی دەنووسی‌و بڵاوی دەکردنەوە.

چەند ساڵ دوای هاتنە سەرکاری ئاخوندەکان، لە رۆژنامەی "اطلاعات"دا نووسینی ستوونی "دو کلمە حرف حساب" (دوو قسەی حیسابی)ی دەست پێ‌کرد. کەسایەتی‌یەکانی ئابدارخانەی "شاغولام" بریتی بوون لە "شاغولام" (نوێنەری خەڵکی سادە، بەلام وشیار)، "غەزەنفەر" (کە تا رادەیەك ملهوڕو زۆردار بوو)، "مەمسادێق" (نوێنەری خەڵکی رەش‌و رووت)و "عەیالی مەمسادیق (کە نوێنەری ژنان بوو).

لەم ستوونەدا، رەخنەی لە کەموکووڕی‌و کردەوە چەوتەکانی کاربەدەستان دەگرت.

دوای راوەستانی شەڕی ئێران‌و عێراق، دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری "طنز هفتگی" (تەنزی حەوتووانە).

گۆڤاری "گل آقا" بە تیراژی ٥٠٠٠٠ ژمارە دەستی پێ‌کردو بە خێرایی گەیشتە ١٠٠ هەزار. ساڵێك دوای دەرچوونی "گل آقا" خامەنەیی رێبەری رێژیم لە نامەیەك‌دا پێشوازی‌و پشتیوانیی لێ‌کرد. بەڵام دوای تێپەڕینی ساڵی دووهەم، نامەیەکی لە دەفتەری رێبەری‌یەوە بۆ هات: "[ئاغا!] ژمارەی نەورۆزیی خوێندەوە، هیچ نیشانەیەکی لە ئیسلام‌و شۆڕش تێ‌دا نەبوو. چی رووی داوە!؟". ئەم نووسراوەیە مانادار بوو. سابیری لەمەودوا هەوڵی‌دا "گل آقا" لە سیاسەت دوور بکاتەوە تا تووشی گێچەڵ نەبێ.

ساڵی ١٣٨١ گۆڤارەکەی خۆی داخست. لەلایەکەوە لە رێفورمخوازان ناهومێد ببوو، لەلایەکی دیکەوە دلنیا بوو کە خامەنەیی هێندێك چاوەڕوانیی لەو هەیە، نەشی دەویست جێبەجێیان بکا. لەمێژ بوو لەلایەن دەزگای ئیتلاعاتەوە پەیامی جۆراوجۆری بۆ دەچوو و نیگەرانییان دەخستە دڵی‌یەوە. هەر بۆیە "گل آقا"ی داخست.

**لە وڵاتی بێ‌بەش لە ئازادیی نووسین‌و بیروڕا دەربڕین‌و چاپەمەنی، تەنزەکانی "گل آقا" یەکێك لە گەورەترین دڵخۆشی‌یەکانی خوێنەران بوون.**

**یادی بەخێر.**

## با لە ئاست پێشێلکردنی ئازادیی چاپەمەنی‌دا چاو نەنووقێنین



رێکخراوی "هەواڵنووسانی بێ‌سنوور" لە بەیاننامەی خۆی بەبۆنەی رۆژی جیهانیی چاپەمەنی‌دا رای‌گەیاند:

ئەوانەی فەرمانی پەلامار بۆسەر چاپەمەنی دەردەکەن، بریتین لە: سەرۆك کۆمارەکان، رێبەران، وەزیران‌و فەرماندەرانی ستادە هاوبەشەکان، رێبەرانی ئایینی‌و یا فەرماندەرانی تاقمە چەکدارەکان. ئەو دەستووردەرانە، بەرپرسانی راستەوخۆی توندوتیژی‌و پێشێلکردنی مافی خەڵك لەدەست راگەیشتنی ئازادانە بە زانیاری‌یەکان دان.

گورگی درندەی چاپەمەنیی ریفۆرمخواز لە ئێراندا، سەعیدی مورتەزەوی‌یە کە لەژێر چاوەدێریی عەباسعەلیی عەلیزادە، سەرۆکی بەدەسەڵاتی دادگوستەریی تاراندا کار دەکا.

عەلیزادە لەلایەن رێبەری کۆماری ئیسلامی‌یەوە راسپێردراوە تا چاپەمەنی سەرکوت بکا

## سێ شاخەوانی زانستگەی ڕازیی کرماشان گیانیان لەدەست دا



کاروباری گشتیی زانستگەی ڕازیی لە ڕێورەسمێك‌دا بە بەشداریی مامۆستایان، خوێندکاران‌و کارگێڕانی ئەو زانستگەیەدا بە خاك سپێردرا.

**سایتی کرماشان**

سێ شاخەوانی زانستگەی ڕازیی کرماشان بە ناوەکانی عەلی حەسەن ئەمیریان، یەحیا محەممەدی‌و موجتەبا دۆستی کە لە حەوتووی یەکەمی مانگی بانەمەڕدا چووبوونە سەر بەرزایی‌یەکانی دەماوەند گیانیان لەدەست دا. تەرمی ئەوان ڕۆژی ٩ی بانەمەڕ لە بەرزایی ٣٨٥٠ میتری دۆزرایەوە. ڕۆژی ١٢ی بانەمەڕ تەرمەکانی موجتەبا دۆستی (ئەندامی هەیئەتی زانستیی زانتسگەی ڕازیی)و عەلی حەسەن ئەمیریان سەرۆکی

بەرلە ماڵاوایی

## چەند قسەیەك بەرەورووی رەمزی قوربانی‌یەکانی تیرۆری میکۆنووس

### دەقی قسەکانی خاتوو کەژاڵ هاوسەری شەهید فەتتاح عەبدولی لە رێورەسمی پەردەلادان لەسەر تابلۆی شەهیدانی بێرلین




بەڕێز خاتوو مۆنیکا تیمەن شارەداری بوێرو ئازا!

هاوڕێیانی تێکۆشەرو بەشدارانی رێورەسمی پەردەلادان لە تابلۆی بیرەوەریی قوربانی‌یەکانی کارەساتی ١٧ی سێپتامبری ساڵی ١٩٩٢!

سوپاسی هەستی قەدرناسیتان دەکەم بۆ بانگهێشتنم لەم بۆنەپیرۆزەدا. بەرامبەر هەستی ئینسانیتان سەری رێز دادەنوێنم. سلاوی جگەرگۆشەکەم زاگرۆستان پێ‌ڕادەگەیەنم. زۆر بەداخەوە ئەو نەیتوانی بەشداری ئەو رێورەسمە بێ، بەلام دڵی لێرەو لەگەڵ ئێوەدایەو هەڵگری پەیامی قەدرناسی‌و رێزو حورمەتی ئەوم بۆ ئێوە.

بەرێزان! دیارە هاورێی بەرێزم کاك میرۆ بە وردی باسی لایەنە پێوەندیدارەکانی ئەو مەسەلەیەی کردو پێویست ناکا من لێرەدا باسیان لێ‌بکەمەوەو کاتی ئێوەی پێ‌بگرم. بەش بەحاڵی خۆم زۆر سوپاسی دەکەم لەوەی کە ئەرکی منی لەم بارەوە سووك کرد. دیارە من تەنیا بە کورتی باسی شوێنەوارەکانی ئەو هەنگاوە بەجێیە لەسەر هەست‌و بیرم دەکەم.

ئەو شەوەی کارەساتەکە خولقاو هەواڵی جەرگبڕی مەرگی هاوسەنگەر، هاوڕێ‌و هاوژینی ژیانمیان لە نیوەشەودا پێ‌دام، ژانی زامێکی قووڵ لە دڵمدا هێلانەی کردو رەگی داکوتا، بەجۆرێك کە تێپەڕینی زەمانیش نەیتوانی ژانی ئەو برینە سارێژ بکاتەوەو ئەو یادەو بیرەوەرییانە لەبیربەرێتەوە. چەند رۆژ لەمەوپێش کاتێك دۆستان‌و هاوڕێیانم ئاگاداریان کردم کە تابلۆیەکی بیرەوەریی لە شوێنی شەهیدبوونی خۆشەویستانمان دادەمەزرێنن، تەزوویەکی پڕلە خۆشی‌و شادی، هەموو رووح‌و جەستەمی داگرت. بەبیستنی ئەم هەواڵە هەستم کرد گەورەترین خەڵاتی دنیایەم وەرگرتوە. ئەم خۆشی‌یە زاگرۆس، سەمەرەو بەرهەمی ژیانی هاوبەشی من‌و فەتتاحیشی گرتەوەو گوتی: دایە گیان کاتێك بابمیان کوشت من منداڵ بووم‌و شتێکی ئەوتۆم لە بابم نەدەزانی، ئەوەندەم لەبیرە پێش ئەوەی بابم ئەو سەفەرە بکاو دوایەش قەت نەگەڕایەوە، بەڵێنی پێ‌دام وەك هەموو جاران کە هاتەوە ماشێنێکی چکۆلەی جوانم بۆ بێنێ، بەلام بەداخەوە نە ماشێنی بۆ هێنام‌و نە بۆخۆشی هاتەوە، بەلام ئەمرۆ کە گەورە بووم‌و دەزانم کێم، چەندە هەست بە خۆشی دەکەم کە گوێم لێ‌دەبێ دەڵێن: لە شاری بێرلین، لەو شوێنەی بابمیان شەهید کردوە، تابلۆیەك دانراوەو ناوی بابم‌و هاورێکانی بابمی لەسەر نووسراوە کە قوربانیی تیرۆریزمی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن. لە وەڵامی زاگرۆس‌دا گوتم: ئەوەی تۆ دەیڵێی زۆر راستە کوڕم. ئەوە باشترین‌و بەنرخترین دیاریی پازدەهەمین بەهاری تەمەنتە کە بەڕێز خانمی شارەدارو دۆست‌و هاوڕێ‌و هاوسەنگەرەکانی بابت پێشکەشیان کردووی.

بەریزان! دانانی ئەو تابلۆیە لەم شوێنە، بێگومان سووکنایی دەخاتە دڵی هەموو ئەوانەی لە نیزیکەوە یار، هاوڕێ، هاوسەنگەرو دۆستی شەهیدەکانی ئەو کارەساتە بوون. گومانی تێ‌دا نیە کارەساتی میکونووس لە ویژدان‌و عەقڵی ئازادیخوازان بە تایبەتی رۆڵەکانی گەلی کورددا وەك سەمبولی بەرجەستەی دڕندەیی‌و ئینسانکوژیی رێژیمی کۆنەپەرست‌و تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەمێننەوە. یادی جەرگبڕی رووداوی میکونووس بەو هەنگاوە ئازاو بوێرانەیەو شایستەی خانمی شارەدارو هەوڵ‌و کۆششی هاوڕێیان‌و دڵسۆزانی گەلی کورد، لێرە لەسەر ئەم تابلۆیەو لە دڵی مێژوودا تۆمار دەکرێ، دەبێتە رەمزی هەقخوازیی قوربانی‌یەکان‌و ریسوابوونی هەرچی زیاتری تاوانبارانی ئەو جینایەتە. ئەمرۆ رۆژێکی گەلێك مێژوویی‌و مەزنە بۆ من‌و بۆ گەلی کوردو بۆ سەرجەم ئازادیخوازان‌و بۆ ویژدانی مرۆڤایەتی. دانانی ئەم تابلۆیە لێرەو لەو قوربانگایە لە لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی رزگاریخوازانەی کورددا، جێگایەکی گرینگ دەگرێ‌و دڵنیام بۆ گەلی کورد گەلێك بەنرخ‌و بەهادارو لەبیرنەکراوە. لێرە لەسەر ئەم تابلۆیە ناوی کەسانێك هەڵکەندراوە کە تەنیا بە تاوانی ئازادیخوازی دڵیان لە لێدان خرا. هەر رێبوارێك بێرەدا رادبرێ تێ‌دەگا چ جەور، زوڵم‌و غەدرێك دەرهەقی کوردی ئازادیخوازو بەشخوراو کراوە.

بەڕێزانی بەشدار! لەکۆتایی‌دا وێڕای ناردنی هەزاران سلاوی پڕلەخۆشەویستی بۆ گیانی هەرگیز نەمری شەهیدانی رۆژی ١٧ی سێپتامبری ١٩٩٢و هەموو شەهیدانی رێگای رزگاریی کوردو کوردستان. سوپاس‌و رێزو پێزانینی خۆم‌و بنەماڵەکەم پێشکەشی بە هەموو ئەوانە دەکەم کە ئەم هەنگاوە بەنرخەیان هەڵگرت. سلاو دەنێرم بۆ ئێوە بەشدارانی بەڕێز بەتایبەتی ئەو دۆست‌و هاوڕێیانەی لە رێگای دووررا هاتوون‌و بەم هاتنەتان ئەمەگ‌و پێزانینی خۆتان بەرامبەر بە شەهیدانی میکونووس نیشان دا. هیوادارم سەربەرز بن‌و سەرکەوتنتان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ بەئاوات دەخوازم.